لێکۆڵینەوە:


# بڵاوکراوەی «مەڵبەند»، کاروانی سووربوون لەسەر بەردەوامی

ڕەنجۆ هورمزیار

**سەرەتا:**
میدیا، بە واتا گشتییەکەی، یەکێکە لە ڕووە گەش و ڕووناکەکەی هەر گەل و هەر کۆمەڵگایەکی زیندووی سەر ئەم گۆی زەمینە. لەوەش گەشاوەتر، فراوانی و هەمەجۆرەیی دەستگا و ئامرازەکانی میدیای پەخشکردنی ڕاستی و زانیارییەکان، خەسڵەتێکی هەرە دیار و ئاشکرای هەر وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهانە.
هەڵبەتە یەکێک لە ئامرازە هەرە کۆن و دێرینەکانی جیهانی میدیا، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی نووسراو و کاری ڕۆژنامەگەرییە.
لە کوردستانیشدا، یا ڕوونتر بڵێین، لەناو کوردیشدا، ئەم پرۆسەی میدیایە، بەتایبەتی ڕۆژنامە و چاپی بڵاوکراوە، نەک هەر ڕێپێشاندەری ئاسایی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگای کورد بووە و بەس، بەڵکو هەر لە دواچرکەکانی سەدەی نۆزدەوە، ئامرازی کوردایەتی و بزووتنەوەی سیاسی و فاکتەری هاندانی خەڵک بووە بۆ هەڵسان و ڕاپەڕین، بۆ نەشونما و (تەرەقی) نەتەوە، بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی و ڕەهایی میللەت و خۆبوونی خاک؛ بۆیە لەلای هەر هەموو مێژوونووسانی کێشەی سیاسیی نەتەوەی کورد ڕۆژنامەی «کوردستان» بە یەکە هاندەر و پێشەواوی زیندووکردنەوەی ڕووحی کوردایەتی حسێب کراوە.

**بڵاوکراوەی مەڵبەند**
مەڵبەند، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن، وەکو دەستگایەکی پەنابەری ـ ڕۆشنبیری، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لەگەڵ نەبوونی کادیری تایبەتی کاروباری ڕۆژنامەگەری و لەگەڵ دەستکورتی و نەبوونی بودجە و خەرجیی تایبەت بە برەودان بە کاروباری ڕۆژنامەیی و چاپەمەنی، بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدەبیات و کولتووری کوردی و ڕاگرتنی پتەویی زمانی کوردی، هەر لەسەر ڕەوتی گرنگیدان بە میدیای ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنیی کورد ڕۆیشتووە و لە کاروانێکی پڕ چەڵەمەدا، هەر سوور بووە لەسەر بەردەوامی.
بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لە مانگی مایسی ١٩٨٥دا، بە هەوڵ و هیمەتی چەندین سەربازی بێناو، خەریکی خزمەتکەیاندن بووە بەو کاروانە هەرگیز نەوەستاوە.
هەڵبەتە دەستپێکی ئەم کاروانە، بە هیلاکیی بێوچانی کاک کەمال میراودەلی دەستی پێکردووە. د. کەمال وەکو بەڕێوەبەری ئیدارەی مەڵبەند، هەر لەو سەرەتایانەدا هەوڵی داوە چ بە زمانی کوردی و چ بە زمانی ئینگلیزی، مەڵبەند بکاتە مەکۆی کاروباری ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنیی کوردی لە وڵاتی بریتانیادا.
چاکە لەم کورتەوتارەدا لایەک لەو هەوڵانە بکەینەوە و سەرنجێکی گشتی لەو کارانە بدەین و بەپێی کات وساڵی بڵاوکراوەکان ئەم کورتەیەتان پێشکەش بکەین:
١- هەواڵنامەی مەڵبەند، بڵاوکراوەیەکی گشتی بووە. یەکەم ژمارەی لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٥دا بڵاو کراوەتەوە. لە پاش ژمارە پێنج، بڵاوکراوەکە وەستێنراوە. چوار ژمارەی سەرەتای هەر ژمارەیەکی بە چوار لاپەڕەی قەوارە A4 و ژمارە پێنجی بە ٢٢ لاپەڕە بڵاو کراوەتەوە. بابەتی ڕۆشنبیریی گشتی و پەنابەری و هەواڵی بە خۆوە گرتووە.
٢- بڵاوکراوەی The kurdish observer، ئەم بڵاوکراوەیە بە زمانی ئینگلیزی وەکو گۆڤارێک بڵاو کراوەتەوە. شەش ژمارەی لێ چاپ کراوە.
٣- گۆڤاری پەیڤ، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزیی گشتییە. یەکەم ژمارەی لە نەورۆزی ١٩٨٦دا بە سەرپەرشتی د. کەمال میراودەلی دەرچووە. پاشان لە ژمارە چواردەوە دەستەی نووسەرانی بۆ دانراوە کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاک سامی شۆڕش، کاک حەمید بڵباس، کاک محمد قەرەداغی و سەربەست کەرکووکی و کاک ڕێبوار سەعیدی هونەرمەند. دواژمارەی ئەم گۆڤارە کە ژمارە ١٦یە لە مانگی ٨ی ١٩٩٢دا دەرچووە.
بەگشتی قەوارەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە 17*24 سم بووە و لاپەڕەکانی (١٦٣١) لاپەڕە بوون.


January 1990
ژمارە (١)
مەڵبەند
هەواڵنامەیەکی مانگانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردییە لە لەندەن
وتە یە ک بۆ ئە م ژمارە یە
کۆنفراسێکی جیهانی دە ربارە ی کورد
کە لەتوور لە ئاوارە یی دا





September 1990 ژمارە 9 Melbend
مەڵبەند
هەواڵنامەیەکی مانگانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردە لە لەندەن
سەیرانێکی کۆمەڵایەتی بۆ ناوچەی Windsor
کۆنسێرتی شڤان
پیرۆزبایی وسڵاو

لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە باس بکرێت کە زۆربەی خەرجی ئەو ژمارانە بە هەوڵ و هیمەتی مامۆستا هاوار و خوالیخۆشبوو برایم ئەحمەد و لە لایەن بەهەشتیی عەلی کەمال بەگەوە دابینکرابوون.

٤- گۆڤاری مەڵبەند، بڵاوکراوەیەکی گشتی بووە، بە قەوارەی A4، یەکەم ژمارەی لە مانگی ٣ی ١٩٨٧دا و دووەم ژمارەی لە مانگی ٥ی ١٩٨٧ و سێیەم ژمارەی لە مانگی ٨ی ١٩٨٧دا لە لایەن دەستەیەکی تایبەت بە ناوی دەستەی نووسین بڵاو کراوەتەوە، دەستەکە پێکهاتبوو لەم بەڕێزانە: ئازادی کاک مستەفا، پێشەوا تاڵەبانی، تاڵیب کاکەیی، د. شێرک فتح الله و د. کەمال میراودەلی.

٥- The kurdish culture bulletin، ئەم بولەتنە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە، تەنیا یەک ژمارەی لە مانگی ١١ی ١٩٨٨دا بە ١٣٢ لاپەڕەی قەوارە 14.5*21 سم چاپ کراوە.

٦- KCC News، بڵاوکراوەیەکی شێوازی بولەتنی و هەواڵ بووە بە زمانی ئینگلیزی بە سەرپەرشتیی د. کەمال میراودەلی و ٥ ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە مانگی ١٢ی ١٩٨٩دا بە دوو لاپەڕەی A4 بڵاو کراوەتەوە.

٧- گۆڤاری «الثقافە الکردیە»، گۆڤارێکی عەرەبی بووە و بە «مجلە ثقافیە عامە» حسێب کراوە. بە سەرپەرشتیی کاک سامی شۆڕش و هاوکاریی د. محەمەد هەمەوەندی و مامۆستا هاوار و د. کامەران دڵسۆز، بە قەوارەی 14.5*21سم سێ ژمارەی لێ چاپ کراوە.

یەکەم ژمارەی لە مانگی ١٠ی ١٩٨٨دا بە ١٠٦ لاپەڕە،

دووەم ژمارەی لە ماگی ٣ی ١٩٩٠دا بە ١٣٤ لاپەڕە و

دواژمارەی لە مانگی ٢ی ١٩٩٢دا بە ٩٠ لاپەڕە دەرچووە.

٩- بڵاوکراوەی «پەنابەری کورد»، هەواڵنامەیەکی تایبەتی کاروباری پەنابەران و زانیارییە سەبارەت بە پەنابەری لە وڵاتی بریتانیادا. سەرەتا لە مانگی ١١ی ١٩٩٧دا وەکو پاشکۆی بڵاوکراوەی مەڵبەند بە چاپ گەیەنراوە و پاشان لە ژمارە پێنج بەدواوە ناوەکەی کراوە بە «پەنابەری کورد» و بە دوانزە لاپەڕەی A4 ساڵی ٣ تا ٤ ژمارەی لێ چاپکراوە و تائێستا ٢٧ ژمارەی لێ دەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە بە سەرپەرشتیی سەربەست کەرکووکی و بە هاوکاریی کارمەندانی ئیدارەی مەڵبەند بڵاو کراوەتەوە.

١٠- گۆڤاری «ڕۆشنبیری کورد»، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا، کاتی بڵاوکراوەی گەیشتبووە ژمارە ٨٩ی خۆی و لەبەر بێپارەیی و نەبوونی خەرجی تایبەت لە ساتوئانی خۆیدا دەرنەدەکرا، کۆمیتەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی ئەو ساڵە، بێ گوێدانە گەڕان بە دوای سەرچاوەی خەرجی



Newsletter of the Kurdish Cultural Centre — Issue No. 5 July 19

# KCC News

## Refugees and the new immigration rules

A recent change in the immigration rules could affect many refugee with **Indefinite Leave to Remain** in the UK. From May this year, anyone who returns to the UK after spending time abroad will have to satisfy an Immigration Officer at the port of entry that they are returning not for a visit, but settlement. If the Immigration Officer is not satisfied, entry clearance will not be granted.
Under the old rules, a person with **Indefinite Leave to Remain** had the right to re-enter the UK if they had spent less than two years abroad. The recent change abolishes this right and seriously threatens the residence rights of many refugees.
The KCC with other community groups will raise this issue with the Refugee Council's director **Mr Alf Dubs**.
We hope that the Refugee Council's Refugee Protection Group will press for the exclusion of refugees from the new rule.
The KCC believes that the new rule is wrong in principle, ill-conceived and fears its application will be on an arbitrary basis.
At the risk of losing their right to live here, many refugees will be too afraid to leave the UK in order to visit relatives and families in other countries.
We know that many members of the Kurdish community in the UK, are refugees and their relatives and families live in different parts of the world. This new rule will make it harder for them to stay with their families and relatives in Europe and other countries because they fear of losing the right of residency in the UK.

## Kurdish refugees on hunger strike

It has been reported that UNHCR in Ankara will no longer be able to assist the thousands of Kurdish refugees who fled Iraqi Kurdistan following chemical bombing and arrests and who are currently living in camps in Turkey.
picket was broken up by the Turkish police and protesters arrested. Some attempted to cut themselves with razors, fearing that the Turkish authority would forcibly return them to Iraq. The injured have been transferred to local hospitals.

بەچاپگەیاندن، بڕیاری دەرکردنی ئەم گۆڤارە وەرزییەی دا، ئەوە بوو لە ماوەی دوو ساڵدا توانی دوو ژمارەی لێ بڵاو بکاتەوە.

یەکەم ژمارەی لە بەهاری ٢٠٠٠دا و دووەمیشیان لە بەهاری ٢٠٠١ بە سەرپەرشتیی بەڕێزان د. ئازاد شێخانی و کاک هاشمی کەریمی و کاک عەباس ڕۆستەم و بە دیزاینی بەڕێز کاک سەرکەوت مەحموود ئاغا دەکرا.

١١- بڵاوکراوەی «مەڵبەند»، بڵاوکراوەی مەڵبەند کە بەتایبەتی بابەتی ئەم باسەمانە. ئەو بڵاوکراوە مانگانەیەیە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠وە بە بەردەوامی جگە لە سێ مانگی یەکەمی کاتی کۆڕەوەکەی کوردستانی باشوور، تا ژمارە ٧٧ی بە هەر قەوارەیەکی گونجاو بووبێت گەیشتۆتە دەستی خوێنەران.

پاشان بڵاوکراوەکە کراوەتە وەرزی و بە شێوازی نیمچەگۆڤار یا گۆڤار تا ژمارە ٩٣ بە چاپ گەینراوە و گەیەنراوەتە دەست خوێنەرانی بریتانیا و دەرەوەی وڵات. لەم خەباتە درێژخایەنەدا، واتە لە هیلاکیی دەرکردنی ٩٣ ژمارەی بڵاوکراوە، نیمچەگۆڤار، گۆڤارێک، وەکو کورتە ئامارێک دەتوانین ئەم شتانەی خوارەوە بە ئێوە پێشکەش بکەین:

١- سەرجەم هەموو لاپەڕەکانی ژمارەکان ١٣٨٤ لاپەڕەن.

٢- بەگشتی ٢٣١٧ بابەت و وێنە و تابلۆیان تێدا بووە.

٣- هەروەها ڕێژەی جۆری بابەتە بڵاوکراوەکان بەم شێوەیەن:

ـ تابلۆ، وێنە و نەخشە ٢١٪

ـ بابەتی ئەدەبی؛ شیعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ١٩٪

ـ دەربارەی مەڵبەند و ڕێکخراوە کوردییەکان، ٩٪

ـ بابەتی سیاسی سەبارەت بە باشووری کوردستان، ٨,٥٪

ـ بابەتی هونەری، ٧٪

ـ بابەت سەبارەت بە پەنابەری و چالاکیی پەنابەران، ٦٪

ـ بابەتی سیاسی سەبارەت بە باکووری کوردستان، ٣,٥٪

ـ بابەتی مێژوویی؛ دۆکیومێنت و لێکۆڵینەوە، ٣٪

ـ سەروتاری بڵاوکراوەکە، کە زیاتر بۆچوونی کۆمیتەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد بوون، ٢,٥٪

ـ گفتوگۆ و ڕیپۆرتاژ، ٢,٦٪

ـ بابەتی کۆمەڵایەتی و وەرزش و لاوان، ٢٪

ـ ڕیکلام، بە هەموو شێواز و قەوارەکانیەوە، ٢٪

ـ بابەتی سیاسی سەبارەت ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان، ٢,٤٪

ـ بابەت سەبارەت بە ژن و چەڵەمەکانی ژن لە کۆمەڵگای کورددیدا، ٥٪

ـ بابەتی جۆربەجۆر و هەمەڕەنگی تر، بەگشتی، ١٥,٥٪

ئەگەر چوونە ناو ناساندنی ئاماری بابەتەکانی ئەو ژمارانە مەبەست بێت، دەشێ مرۆڤ سەرنجی تەواوی ئەم خشتەیە بدات کە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بڵاوکراوەتەوە.

لەو سەرنجدانەدا مرۆڤ دەتوانێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١- لەبەرئەوەی بڵاوکراوەکە بڵاوکراوەیەکی دەستگاییەکە بە ناوی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، بۆیە وەکو عادەت ئامادەکردنی سەروتار، یاخود گرنگیدان بە نووسینی سەروتار کراوەتە ئەرک و بەرپرسیارێتیی کۆمیتە یەک لە دوای یەکەکانی بەڕێوەبردنی مەڵبەند. بەڵام زۆربەی کات کۆمیتەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان بەم ئەرکە نەداوە، بۆیە لە هەموو ژمارەکاندا کە ٩٣ ژمارەن، تەنیا ٥٦ سەروتاریان تێدا نووسراوە، کە زۆربەی هەرەزۆریان یا سەبارەت بە ڕووداوەکانی باشووری کوردستانن، یاخود سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی مەڵبەند و کۆنفرانسەکانیەتی.

٢- بابەتی ئەدەبی، کە خۆیان لە بڵاوکردنەوەی شیعر، چیرۆک، پەخشان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، یا ڕەخنەی ئەدەبی و ناساندنی کتێبدا دەبیننەوە.

٣- بابەت سەبارەت بە ژن و کێشەکانی و هەروەها بابەتی منداڵان و خێزانداری، بە هەردووکیان تەنیا ٦٨ بابەتن و واتە ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمن، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

٣-١- کەمیی یا نەبوونی پسپۆڕانی ئەم دوو بابەتە لەناو نووسەرانی کورددا بە شێوەیەکی گشتی.

٣-٢- لکاندنی ئەم بابەتە، بەتایبەتی بابەتی کێشەکانی ژنی کورد، بە سیاسەتەوە و بە ڕۆڵی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی حیزبەکانی کوردستانەوە. کە ئەگەری بڵاوکردنەوەیان دەبوونە هۆی هەڵوێستوەرگرتن دژ بە حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و حیزبەکانی باشووری

کوردستان بەتایبەتی. ئەمەش
٣-٣- نەک تەنیا لە بابەتی ژندا، بەڵکو لە هەموو بابەتێکی تریشدا، دەبن یا دەبوونە هۆی شکاندنی بەندەکانی دەستگای چارەتی و پێڕەو و پرۆگرامی مەڵبەندی رۆشنبیری خۆی.
٤- بابەتی ڕێکلام، لە بڵاوکراوەی مەڵبەندیشدا، هەروەکو هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی تری کورد، خاڵی بێهێزیی کاروباری ڕۆژنامەگەریمانە. ئەم سستی و لاوازییەش لەگەڵ جیاوازی لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی تر، بەڵام هێشتا هەر خاڵی لاوازیی بڵاوکراوەی مەڵبەندە.

| جۆری بابەت | ژمارە |
|---|---|
| ـ سەروتار | ٥٦ |
| ـ پەنابەری و پەنابەران و چالاکیی پەنابەران | ١٤٦ |
| ـ مەڵبەند و ڕێکخراوە کوردییەکان | ٢٠٧ |
| ـ کۆرس و هەواڵ | ١١١ |
| ـ سەبارەت بە ژن و کێشەکانی | ٤٩ |
| ـ سەبارەت بە منداڵان | ١٩ |
| ـ گفتوگۆ و ڕیپۆرتاژ | ٢٣ |
| ـ سەبارەت بە کوردستان بە گشتی | ٢٧ |
| ـ کوردستانی باشوور | ١٩٧ |
| ـ کوردستانی باکوور | ٨٢ |
| ـ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان | ٥٩ |
| ـ کوردی سۆڤیەت، لوبنان، پاکستان | ١٩ |
| ـ بابەتی ئەدەبی؛ شیعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوە و ناساندنی کتێب | ٤٤٦ |
| ـ بابەتی ئابووری و زانستی | ٢٥ |
| ـ بابەتی هونەری | ١٦٣ |
| ـ بابەتی مێژوویی | ٨٢ |
| ـ کۆمەڵایەتی، وەرزش و لاوان | ٧٢ |
| ـ ڕێکلام | ٤٦ |
| ـ وێنە، تابلۆ و نەخشە | ٤٨٨ |
| سەرجەم | ٢٣١٧ |


مەڵبەند
1992 JUNE No. 29
مەڵبەند
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردە لە لەندەن
نیلسۆن ماندێلا
بۆ دەربڕینی پشتگیریی خۆی لە گەلەکەمان خەڵاتی ئەتاتورک ڕەت دەکاتەوە

٥- وەکو لە بابەتە سیاسییەکانی سەرجەمی ژمارەکانیدا دەردەکەوێت، بڵاوکراوەکە زیاتر خۆی بەستۆتەوە بە دەنگ و هەواڵ و لێکۆڵینەوەی سیاسییەوە سەبارەت بە باشووری کوردستان، بابەتی سەبارەت بە باشووری کوردستان ١٩٧ بابەتە، کەچی بەشەکانی تری کوردستان هەر هەموویان ١٤١ دەنگوباس و هەواڵ و لێکۆڵینەوەن.
٦- بڵاوکراوەکە لە ژمارە ١یەوە تا ژمارە ٧٣ی وەکو بڵاوکراوەیەکی مانگانە دەرچووە و لەبەر نەبوونی بودجەی تایبەت بوار نەبووە کە بکرێت بە گۆڤار یا نیمچەگۆڤار، ئەمەیش نەک تەنیا لە ژمارەی لاپەڕەکانی بە دەر دەکەون، بەڵکو لە جۆری تەکنیکی دەرهێنان و جۆری پەڕەی بەکارهێنراویشدا بەرچاون.
٧- بڵاوکراوەکە، نەک هەروەکو بابەتەکانی، ناوەڕۆکی، بەڵکو لە ڕوخسار و قەوارە و شێوازی چاپکردن و بڵاوکردنەوەشی، لەگەڵ ئەوەی بەئاشکرا بێ بوودجەیی و کەمخەرجی تێیدا ئاشکرا بووە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، چ وەکو ئەو ڕستانەی سەرەوە و چ وەکو بەرپرسیارێتیی بڵاوکردنەوەیان، گۆڕان و جیاوازییان تێدا دیارە.
بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیدا گرنگە زۆر بە کورتی یەکە یەکەی ئەو قۆناغانەتان بۆ ڕوون بکەینەوە:
١- قۆناغی یەکەم، لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە ١٢یە. لەم دوانزە ژمارەیەدا، کە بە ٥٢ لاپەڕەن، ١٦٠ هەواڵ و ڕاپۆرت و نووسین بڵاوکراونەتەوە. ئەم دوانزە ژمارەیە کە کاک سامی شۆڕش کاری ئامادەکردنی لە ئەستۆدا بووە و کاک بورهان جاف دەرهێنەر و دیزاینەری بووە، ئەم ژمارانە هەڵگری ئەم خەسڵەتانەن:
ـ لاپەڕەکانی هەر ژمارەیەک زۆر کەم بوون و لە ڕووی دەرهێنان و دیزاینەوە، بەگوێرەی ژمارەکانی دواتر، کزی و لاوازییان تێدا ڕوونە.
ـ بابەتی نووسین، وتار و لێکۆڵینەوەیان زۆر کەم بووە و ڕێژەی هەواڵی لە ٧٠٪یە، کەچی ڕێژەی نووسین و وتاریان ٨٪ـە.
ـ بابەتەکانی وەرزش، منداڵ، ژن، ڕیپۆرتاژ، تا ئەندازەی نەبوون، کەمن.
٢- قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە لە ژمارە ١٣ـەوە دەست پێ دەکات تا دەرکردنی ژمارە ,٤٣ ژمارەکانی ئەم قۆناغە کە بە سەرپەرشتیی کاک سامی شۆڕش و بە هاوکاری دەستەیەکی تایبەت کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان: هەڤاڵ کوێستانی، سەربەست کەرکووکی و کاک ڕێبوار سەعید، بەگشتی بە ٢٤٨ لاپەڕە دەرکراون و ٦٢٠ بابەت و هەواڵیان لە خۆ گرتووە.
بەگشتی لە ژمارەکانی ئەم قۆناغەدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە دەکرێت:
ـ مەڵبەند لە هەواڵنامەوە کراوە بە بڵاوکراوە.
ـ لەم قۆناغەدا گرنگی دراوە بە بڵاوکراوەی فایلی تایبەت بە بابەتێک لە هەر ژمارەیەکدا، وەکو فایلی نەورۆز، فایلی کۆماری کوردستان، فایلی دارایی و گرنگی مەسەلەی ئابووری لە بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگا و...هتد.
ـ بابەتەکانی ژنان، منداڵان، وەرزش گرنگییەکی بەرچاویان دراوەتێ.
٣- قۆناغی سێیەم: لە ژمارە ٤٤ـەوە تا ژمارە ٧٣، هەموو ئەم ژمارانە بە ٤٣٢ لاپەڕە بە ڕێژەی ١٦ لاپەڕە بۆ هەر ژمارەیەک دەرچووە، دروست ٢ و ٤ بابەت و هەواڵ و وێنە و تابلۆی بە خۆوە گرتووە. سەرجەمی ئەم ژمارانە بە سەرپەرشتی و بە دیزاینکاریی سەربەست کەرکووکی بڵاو کراونەتەوە.
خوێنەری ئەم ژمارانە دەتوانێت بەئاسانی جۆرە گۆڕانێک لە بڵاوکراوەکە بەدی بکات، کە خۆیان لەم چەند خاڵەدا دەبیننەوە:
ـ لە سەروتارەکاندا جۆرە هاوسەنگییەکی کوردستانی ڕەچاو کراوە. هەوڵ دراوە بابەتە سیاسییەکان تا بکرێت ڕەنگ و ڕوخساری کوردستانێتی و هاوسەنگی لە گرنگیدان بە بەشەکانی کوردستانیان تێدا ڕابگیرێت.
ـ ڕێژەی وتار و لێکۆڵینەوە بەگوێرەی هەواڵ و ڕاپۆرت زۆرتر بووە لە ژمارەکانی قۆناغەکانی پێشووتر. بابەتی وتار و لێکۆڵینەوە لە سەرووی ٥٤٪ی گشتی بابەتەکانە.
ـ لە قۆناغەکانی پێشووتر زۆر زیاتر گرنگی دراوە بە دەنگ و هەواڵ و وتار و ڕاپۆرت لەسەر ئافرەت و چالاکییەکانیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بابەتی ئافرەت و کێشەکانیان هەقی خۆیان نەدراوەتێ.
ـ گرنگییەکی بە پلان دراوە بە بابەتی مێژوویی و تەرجەمەکردنی دۆکیومێنتە مێژووییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سەبارەت بە کورد و بڵاوکردنەوەیان لە هەر ژمارەیەکدا، لەم بابەتەدا نەمر د. شێرکۆ فەتحوڵڵا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە.
ـ لە کاری تەکنیکی دەرهێنان و دیزایەنی ژمارەکان، لەگەڵ ئەوەی بەگوێرەی قۆناغەکانی پێشووتر پێشکەوتنی بەرچاو لەم قۆناغەدا هەیە، بەڵام هێشا لەو ئاستەدا نەبووە کە ببێتە نموونەی کاری ڕۆژنامەگەری.
٤- قۆناغی چوارەم، لە ژمارە ٧٤ـەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ژمارە ٨٩، سەرەتا لەگەڵ بەردەوامیی چەڵەمەی نەبوونی بودجە و خەرجیی شیاو، دەستەیەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی بڵاوکراوەکە، لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەرەوە دەستنیشان کرا، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان، ئەمین مینە قادر، ئەنوەر سوڵتانی، خالید باجلوری، ڕێبوار سەعید و سەربەست کەرکووکی. دەستەکە بڕیاری دا کە:
ـ بڵاوکراوەکە بڵاوکراوەیەکی مانگانەی

ڕۆشنبیریی گشتی بێت، خزمەتی مێژوو، ئەدەب، کەلەپوور و کۆمیونیتی کوردی بکات.
ـ بڵاوکراوەکە وەک سیاسەتی گشتیی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی لە باری سیاسییەوە بێلایەن بێت، نە پشتگیریی لایەنێکی دیاریکراوی حیزبی بکات و نە دژی هەر لایەنێکیان بێت.
ـ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، کوردستانیەتی مەڵبەند بپارێزێت و گرنگییەکی تایبەت بدات بە:
ا. بیروبۆچوونی مەڵبەند و ئەمەیش زیاتر لە سەروتاردا خۆی بنوێنێت.
ب. تەرجەمەکردنی دۆکیومێنتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بەردەوام بێت و گرنگیی زیاتری پێ بدرێت.
ج. وەکو سەرەتایەک بۆ تێکەڵکردنی گشتیی بابەتەکانی دوو دیالێکتی سەرەکیی زمانی کوردی، چەند لاپەڕەیە لە هەر ژمارەیەک تەرخان بکرێت بۆ دیالێکتی کرمانجیی باکوور.
د. ڕێکخراوە کوردییەکانی تری لەندەن هان بدرێن کە هەر دەستگایەک و لاپەڕەیەکی سەربەخۆی هەبێت لە بڵاوکراوەکەدا، تا بکرێت لە ئایندەدا هەموو دەستگاکانی کوردی لە لەندەن یەک بڵاوکراوە یا گۆڤاری یەکگرتوویان هەبێت.
هەر لەم ژمارانەدا سوودێکی زۆر بینرا لە هەوڵ و تواناکانی بەڕێز کاک ئەنوەر سوڵتانی.

### لە ڕووی ڕووخسار و دەرهێنانەوە

ا. شێوەکەی لەنێوان ڕۆژنامە و گۆڤاردا بێت.
ب. دیزاینی لاپەڕەکانی یەک و دوو، دواین و پێشدواینی؛ واتە بەرگەکەی، نەگۆڕ بن و لە دووەم لاپەڕەدا لیستی پشتگیرانی بڵاوکراوە و پشتگیرانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی بنووسرێت.
بەگشتی ژمارەکانی ئەم قۆناغەی ٤٢٤ لاپەڕە بوون؛ واتە بە ڕێژەی ٣٠-٣٢ لاپەڕە بۆ هەر ژمارەیەک، هەر یەک لە ژمارەکانی ٧٦/٧٧ و ٨١/٨٠ لە یەک بەرگدا بڵاو کراونەتەوە. بۆ کاروباری دیزاینەکردنی ژمارەکانی ٨٤، ٨٥ و ٨٦ مەڵبەند سوودی لە تواناکانی بەڕێز فازیل قەساب و لە ژمارەی ٨٧، ٨٨ و ٨٩شدا کاروباری دیزاینەکردنی بڵاوکراوەکە لە لایەن بەڕێز سەرکەوت مەحمود «گەردوون ئاغا»وە کراوە.
بەگشتی دەکرێت بڵێین کە لەم قۆناغەدا «مەڵبەند» لە بڵاوکراوەیەکی شێوە ڕۆژنامەییەوە تا ڕادەیەکی زۆر کراوەتە گۆڤار یا نیمچەگۆڤار و هەرچەندە لە زۆربەی ژمارەکانیدا ئاماژە بەوە کراوە کە بڵاوکراوەکە مانگانەیە، بەڵام لەڕاستیدا لە ژمارە ٨٠ و ٨١ەوە بە وەرزی بڵاو کراوەتەوە و لەم قۆناغەدا هەوڵ دراوە کە بابەتەکان زیاتر لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی


مەڵبەند
1992 DECEMBER N. 36
وەفدی پەرلەمانی کوردستان گەیشتە لەندەن

یا نیمچەئەکادیمیایی بن و تا ڕادەیەک توانراوە ئامانجی ئەو هەوڵە بپێکرێت.
٥- قۆناغی پێنجەم: کە لە ژمارە ٩٠ـەوە دەست پێ دەکات. لەم قۆناغەدا تا ئێستا ٤ ژمارە بە چاپ گەیەنراوە و لەگەڵ بەردەوامیی چەڵەمەی بێبودجەیی یا نەبوونی خەرجیی تایبەت بە بڵاوکردنەوە و بەچاپگەیاندنی، بەڵام کۆمیتەی مەڵبەند وای بەباش زانیوە کە ئیتر وەختی ئەوە هاتووە کە مەڵبەند بە شێوازی گۆڤار بڵاو بکرێتەوە و هەوڵ بدرێت کە بکرێتە نموونەیەکی پرشنگداری کاروباری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دەرەوەی وڵات و هەوڵی جدی بدرێت کە بکرێت بە گۆڤارێک هیچی لە ستاندەری گۆڤار یا بڵاوکراوەی ئەورووپایی کەمتر نەبێت.
بۆ ئەم ژمارانە تا ئێستا دەستەیەکی تایبەتی سەرپەرشتی دەرهێنان وەکو دەستەی نووسەران و دەرهێنان دەستنیشان کراون کە پێکهاتوون لە بەڕێزان: عەتا موفتی، سەربەست کەرکووکی و گەردوون ئاغا.
جێی ئاماژەپێکردنە کە دوا ژمارەی مەڵبەند (٩٣) لە لایەن «دەستگای چاپ و پەخشی ئاورا»وە ئامادە و دیزاین کراوە، کە تایبەتمەندێتیی نوێی ئاستی جوانکاریی ڕۆژنامەگەریی بەئاشکرا تێدا دەبینرێت. هەروەها دیزاینی ڕووبەرگی ژمارەکەش لەلایەن «ئەکی بابەمیری»یەوە کراوە.
لە باسکردنی خەسڵەتە گشتییەکانی ئەم ژمارانە دەکرێت بڵێین:
ـ وەکو دەرهێنان، تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستی بەرزی دیزایەن و دەرهێنانی گۆڤارە لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بەتایبەت لە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی بۆ گەیاندنی بیرۆکە و ئیماژی گۆڤارەکە.
ـ بابەتی ئەدەبی و هونەری زۆر زیاتر لە ژمارەکانی قۆناغەکانی پێشوو گرنگییەکی چاکیان پێ دراوە.
ـ لە مەسەلەی ئاستی بابەتە بڵاوکراوەکان، هەوڵ دراوە کە بە شێوازێکی ڕۆژنامەگەری وا بڵاو بکرێتەوە کە بشێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هەموو جۆرە خوێندەوارێک.
ـ هەرچەندە پڕ ویست نییە، بەڵام ڕیکلام بڵاوکردنەوە لەو چوار ژمارەیەدا، بەئاسانی، لە ئاستێکی زۆر باشدا دەبینرێت، چ وەکو شێوازی دەرهێنان و چ وەکو ژمارەی ڕیکلامیش.

### ئەم کاروانە و چەند وانەیەک

لەپاش پانزدە ساڵ کار و خەباتی هەڵبەز و دابەزی کاری ڕۆژنامەگەری، چ لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەگشتی و چ لە بڵاوکراوەی «مەڵبەند»دا، مرۆڤ بۆ دەرخستنی ڕاستیی چەڵەمەکانی ئەم جۆرە خەباتە، بە مەبەستی ئەوەی لە ئایندەدا چ مەڵبەندی ڕۆشنبیری خۆی و چ هەر دەستە و دەستگایەک یا هەر لایەنێکی تر، سوود لەو ڕاستییانە ببینێت بۆ دانانی پلان، یا بیرکردنەوە لە هەوڵ و نیازێکی لەم شێوازە، لە کۆتایی ئەم کورتەوتارەدا ئەم خاڵانە وەکو وانە بخەمە ڕوو:
١- سەرەتای دەستپێکردن دەبێت بیرکردنەوە بێت لە چۆنێتیی دابینکردنی بودجەی ئەم جۆرە پرۆژانە. دابینکردن و بەردەوامیی بودجەی هەر ژمارەیەک سەرەتا و گرنگترین هەنگاوە، کە دەتوانێت دەستنیشانی شێوازی بڵاوکراوەکە و جۆری دەرهێنان و بەچاپگەیاندنی بکات. بۆ مسۆگەرکردنی ئەم شێوە بودجانەش دەکرێت سێ سەرچاوەی داهات دەستنیشان بکەین:
١-١- داهات لە ئەندامەتی و بەشداریکردن ساڵانە لە بڵاوکراوەکەدا، یا ئامادەیی خوێنەران بۆ کڕینی هەر ژمارەیەکی. تاکو ئێستا تاقیکردنەوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی و بڵاوکراوەکانی ئەوەیان سەلماندووە کە لەناو ئێمەی کورددا ئەم داهاتە داهاتێکی کزە و ناتوانێت ببێتە هۆی مسۆگەرکردنی خەرجیی هیچ بڵاوکراوەیەک.
١-٢- داهات لە ڕیکلام، کە دەبێت ببێتە نەک سەرچاوەی دابینکردنی خەرجی بڵاوکراوەکە، بەڵکو دەبێت ببێتە سەرچاوەیەکی باشی قازانجیش. بەداخەوە، جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت، ئەم جۆرە داهاتە لە هیچ کاتێکدا، بە ئێستاشەوە، نەیتوانیوە خەرجی بەچاپگەیاندنی بڵاوکراوەیەکی وەکو «مەڵبەند» دابین بکات.
١-٣- پەیداکردنی گرانت، سەرچاوەیەکی خێرخوازی داهات، یا سەرچاوەیەکی پڕکردنەوەی خەرجی پرۆژەیەکی ڕۆژنامەگەری، کە بەداخەوە لە بریتانیادا ئەم جۆرە کۆمەک و یارمەتییە مادییە نییە یاخود زۆر کەمە، یا باشتر بڵێین ئیدارەی مەڵبەند تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئەو دەستگایانە بدۆزێتەوە کە ئەو جۆرە داهاتانە مسۆگەر دەکەن.
٢- بابەتی جۆری خوێنەر: کە










بڵاوکراوەیەک، گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک دەکرێتە ئامانجی پرۆژەیەکی چاوەڕوانکراو، پاش یا لەگەڵ بیرکردنەوە لە بودجە و چۆنێتیی دابینکردنی خەرج، دەبێت بیر لەو خوێنەرانە بکرێتەوە کە بڵاوکراوەکەیان ئاراستە دەکرێت؛ چونکە ناسینی خوێنەری چاوەڕوانکراو، واتای ناسینی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەرەکە و پێویستی و پێداویستیی ئەو کەسە دەگەیەنێت. بۆیە ناسینی خوێنەر دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی جۆر و ئاستی وتار و نووسین و لێکۆڵینەوەکان. بۆ نموونە: ئەگەر خوێنەر ئەندامانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی بن، ئەوا واتای هەمەجۆریی ئاستی خوێنەران دەگەیەنێت. ئەگەر هۆگرانی ئەدەب و ڕۆشنبیری بێت، ئەوا دەبێت بیر لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی بکرێتەوە و...هتد.

بڵاوکراوەی مەڵبەند سەبارەت بەم خاڵە چەندین جار تووشی نارێکی و پلاندانانی نادروست بووە. هۆی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ:

٢-١- گۆڕانی ویست و ئارەزووی کۆمیتەکان. واتە لە کۆمیتەیەکەوە بۆ ئەوی تر، سەپاندنی ئەو ویست و ئارەزووە بەسەر واقیعی ویست و ئارەزووی خوێنەری چاوەڕوانکراودا.

٢-٢- خودی ناوی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی بووە بە هۆی ئاراستەی نادروستی بڕیاردەرانی مەڵبەند و هەروەها چاوەڕوانیی خوێنەر. واتە تاکو ئێستا تێگەیشتنی ئەوە هەیە کە چونکە مەڵبەندەکە ناوی مەڵبەندی ڕۆشنبیرییە، بۆیە دەبێت گۆڤاری سەنگینی ئەکادیمیایی و کتێب و بڵاوکراوەی زانستی و ئەدەبی بڵاو بکاتەوە. ئەمەش وەکو ناوەکەی (KCC) بۆچوونێکی ڕاستە، بەڵام وەکو واقیعی کاری مەڵبەند و سەرچاوەکانی داهاتی بۆ بەردەوامیی کار و خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی، بەرهەمەکەی دەبێت دروست بە پێچەوانەوە بێت.

٣- بەردەوامیی کاری بڵاوکردنەوە، یا بەردەوامیی کاری ڕۆژنامەگەری، بەبێ هەبوونی دەستەی جۆراوجۆری تواناکان، کاری کردەنی نییە. واتە کاری تاکەنەفەر نییە. کارێکی شارستانییە هەر لە ڕێکخەر، نووسەر، دیزاینەر، شارەزایی بازاڕ و جۆری فرۆشتن و هاندەری ڕیکلام و بە کۆمپیوتەر نووسینەوە و...هتد پێویستن.

بەداخەوە کاروانی بڵاوکراوەی «مەڵبەند» لەگەڵ ئەوەی چەندین جار خەڵکی شارەزا و ناشارەزاشی بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام هەمیشە کاری هیلاکی و پڕئەمەکی تاکەکەس و یا دووکەس بووە.

لەکۆتاییدا بە چەند ڕستەیەکی کورت دەڵێم کە بەردەوامیی کاری بەچاپگەیاندنی گۆڤار یا نیمچەگۆڤارێکی سەرکەوتوو، کاری دەستەجەمعییە نەک هی تاک، کاری بە پلانە نەک بە ئارەزوو، کاری دەستگایەکی تایبەت نەک هەر دەستگایەک، کارێکە داهاتی بەردەوام و مسۆگەری دەوێت، نەک داهاتی پچڕپچڕ، کە پچڕپچڕی لە کاروانی بەردەوامیدا دروست دەکات.













# ڕۆژی حەوتەم، چوار لاپەڕە، کەناڵێکی تازە و هێندێ باسی تریش

## فەرهاد شاکەلی

### ١- نەخشەیەکی شێواو

بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری نووسینەکانی پێشوومەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ باسە فەرهەنگی و فکرییەکاندا خەریکن، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم بە زمانێکی سادەتر بدوێم و لۆگیکێک بە کار بهێنم تەنیا لە ڕووی ئاقار و ئامانجەوە جیاواز بێت، دەنا لە ڕووی پلەی فکری و شێوەی بەڵگەهێنانەوە زۆر لە شێوازی باوی گوتوبێژەکانی کوردستانەوە دوور نەبێت. شێواز و مێتۆدی بەڵگەکارییش جیاوازییەکی دیکەیە کە ناتوانم لەبەر ئاسانی (یا ئاسانکردن)ی باسەکە دەستبەرداری ببم. ئەمەیش خۆی یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە بازنەی فەرهەنگی و ڕووناکبیرانی کوردستان بەرانبەری یەکجار کەمتەرخەمن و تەنانەت لە بواری ئەکادێمی و زانستیشدا بایەخپێدانێکی جددی بەرچاو ناکەوێت.

نەخشەی فەرهەنگیی ئەمڕۆی کوردستان، بەتایبەت باشووری کوردستان، نەخشەیەکی بڕێک ئاڵۆزە و تێگەیشتنی بۆ کەسێکی دەرەوەی مەملەکەتی فەرهەنگ ئاسان نییە. هەندێ جار گۆڕانی هێندە خێرا ڕوو دەدات کە تۆ ناتوانیت بزانیت ئەم گۆڕانە چۆن کار دەکاتە سەر ڕەوتی فەرهەنگ و زمان، یان ئامانجەکەی چییە. هەڵوێستی بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیران لە ئاست گۆڕان و پرۆژە فەرهەنگییەکاندا قەتیسی لێکدانەوەیەکی گشتی و سیاسییە کە خەڵکی دیکەیش دەیکەنە کەرەستە و پێوەری هەڵسەنگاندن. ئەمان، ڕووناکبیران، بەو خۆبەستنەوە نەریتانە و ساکار و ڕووکەشە، خۆیان لە بەهرەی سەرنجدانی ڕەخنەگرانە بێبەش دەکەن و زیانێکی گەورەیش دەگەیێننە ژیانی فەرهەنگی و بەرهەمەکانی. تەنیا ڕووناکبیری کورد نییە کە تووشی ئەم پەتایە بووە؛ لە بەشێکی پانوپۆڕی ئەم دنیایەدا ئەم وێنەیە دووپاتە و چەندپاتە دەبێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا دەستەڵاتی سیاسیی کوردستان لە ڕێگەی دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەیان مژدەی گەورە و ڕازاوەیان بڵاو کردووەتەوە و هەر زوویش لەلایەن خەڵکەوە بەگەرمی پێشوازیی لێ کراوە. هەڵوێستی ڕووناکبیرانی کارمەند و مووچەخۆر، وەک هەموو جارێک، لێکدانەوە و پەراوێزنووسی بووە. ئەوان نەک بە هیچ جۆرێک توخنی ئەوە ناکەون کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ڕووداوەکە بخوێننەوە، نەک هەر ناتوانن گومان بکەنە پێوەرێکی وردبوونەوە، بگرە دەمودەست دەکەونە پێداهەڵدان و بە جۆرێک تەرجەمەی دەکەن کە دەیان بەرگی ڕەنگاوڕەنگی دیکەیشی پێوە دەئاڵێنن. وا دیارە ڕووناکبیری کورد پێی وایە بەوەی کە قسە لە قسەی دەستەڵاتی سیاسیدا نەکات ئەرکێکی نیشتمانپەروەرانە جێبەجێ دەکات و بەمەیش زیاتر خزمەتی مرۆڤەکانی وڵاتەکەی دەکات. پێویست بەوە ناکات لەسەری بڕۆین؛ هیچ وا نییە! چۆمسکی لە ڕۆناڵد ڕێگان و جۆرج و. بوش کەمتر نیشتمانپەروەر نییە و نازم حیکمەت لە هەموو گەنەراڵەکانی حەفتا ساڵی مێژووی تورکیا زێتر وڵاتەکەی خۆی خۆش ویستووە.

لەناو هەموو دەنگوباس و مزگێنییەکاندا چوار دانەیان سەرنجڕاکێش بوون بۆ من:

ـ ڕۆژنامەیەک کە حەفتەی شەش ڕۆژ بڵاو دەکرایەوە بڕیاری دابوو ئەو ڕۆژە پشوویەیش واز لێ بێنێت و حەفتەی حەوت جار بگاتە دەستی (هەزاران!) خوێنەری کورد. بەمەیش ئەو ڕۆژی حەوتەمەی دینە گەورەکانی دنیا باسیان کردووە، کراوەتە ڕۆژی کارکردن.

ـ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڕیاری دابوو چوار لاپەڕە بخاتە سەر ژمارەی لاپەڕەکانی و لە شانزدەوە بیکاتە بیست.



فەرهاد شاکەلی

ـ حەفتەنامەیەک بڕیاری دا لە حەفتەیەکدا سێ جار بڵاو ببێتەوە و ئەگەر کرا دواتر ببێتە ڕۆژانە.

ـ دوو سێ هێزی سیاسی بڕیاریان دابوو کەناڵی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆن دەست پێ بکەن، یا کەناڵێکی دیکەی ئاسمانی بکەنەوە.

ڕۆژی حەوتەم لەم نووسینەدا تەنیا وەک نیشانە و سیمبۆڵێک بە کار هێنراوە، بەڵام کۆمەڵێ ڕەگوڕیشەی دینی و مێژوویی و مێتۆلۆگی و سیاسیی هەیە کە کەموزۆر لە درێژەی نووسینەکەدا ڕوون دەبنەوە. خودا بەو گەورەیی و دەستەڵاتەی خۆیەوە ئەم گەردوونەی بە شەش ڕۆژ دروست کرد و ڕۆژی حەوتەم... ئەرێ ڕۆژی حەوتەم دەبێ چیی کردبێت؟ خۆ ناشێ بڵێین پشووی داوە.

ڕۆژی حەوتەم هەستێکی وا دەداتە خوێنەر و بیسەر کە ئەگەر ڕۆژنامە زۆرهات (فریکوینسی Frequency)ی بڵاوبوونەوەی زیاتر بوو کارکرد و کاریگەریی فەرهەنگی و زانیارییشی زیاتر دەبێت. ئەم بۆ چوونە بوارەکانی دیکەیش دەگرێتەوە؛ تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و دەستگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنیش هەر وەهان. ڕاستییەکەی ئەم هاوکێشەیە لەنگییەکی ئاشکرای تێدایە کە شاردنەوەی هێزی ئاوەز و

نەخشەکێشان و ئازادیی بیر بەشە گرنگەکانی پێک دێنن. با بۆ نموونە ئەوە باس بکەین کە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ئیسلامی و نائیسلامی، حەفتەی کارکردن شەش ڕۆژە و ڕۆژێک بۆ پشوودان دانراوە، بەڵام لە ئەورووپا حەفتەی کارکردن پێنج ڕۆژە و دوو ڕۆژ بۆ پشوودان دانراوە. با ئێمە حیسابێکی سادە بکەین. ئەگەر لە وڵاتێکدا بە کرێکار و فەرمانبەر و خەڵکی بازاڕیشەوە وای دابنێین کە دە میلیۆن کەس کار دەکەن، لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی و یەکێکی ڕۆژاوایی‌دا. لەو وڵاتەدا کە شەش ڕۆژ کار دەکەن، ژمارەی ڕۆژانی کار لە حەفتەیەکدا دەگاتە شەست میلیۆن ڕۆژی کار، بەڵام لە وڵاتە ئەورووپاییەکە دەگاتە پەنجا میلیۆن ڕۆژی کار. واتە لەوێ حەفتەی دە میلیۆن ڕۆژی کاری زیاتر هەیە. لەبەر ئەوەی ساڵێک پەنجاودوو حەفتەیە، کەواتە وڵاتەکەی ڕۆژهەڵات لە ساڵێکدا پێنجسەدوبیست میلیۆن ڕۆژەکاری لەوەی ئەورووپایی زۆرترە. پێنجسەدوبیست میلیۆن ڕۆژی کاری ڕاستی بەشی ئەوە دەکات، نەک وڵاتێک، بگرە دە وڵاتی پێ ئاوەدان بکەیتەوە. بەڵام کە تەماشای بەرهەم و ئەنجامی کاری دوو وڵاتەکە دەکەیت، دەبینی بەرهەمی وڵاتەکەی ئەورووپا دە هێندەی ئەوەی ڕۆژهەڵات زیاترە و لە ڕووی چۆنایەتیشەوە بیست هێندەی ئەو پێشکەوتووتر و پوختەتر و چاکترە. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە کار زۆر بکرێت، یا زۆرتر بنووسرێت و چاپ بکرێت. کرێکاری ئەورووپایی ئازادییەکی زۆری هەیە بۆ هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی کارخانە و کارگێڕی و زانستگە و خوێندنگە و هەر شتێکی دیکەی. بۆ چاککردن و پێشخستنی هەلومەرجی کار و خوێندن و ژیانی خۆی و خێزانەکەی. دەزانێ مافەکانی چییە و زۆر چاک دەیانپارێزێت. ئەو دوو ڕۆژە پشوودانەی هەیەتی دەتوانێ بە شێوەیەکی خۆش بیباتە سەر و خۆی و ماڵ و منداڵی بە جۆرێ بحەسێنەوە، کاتێ کە دوای ئەو دوو ڕۆژە گەڕایەوە سەر کارەکەی هەست بکات بە ڕاستی پشووی داوە و چێژی لەو کاتی پشوودانەی وەرگرتووە و هێندەی وزەی مادی و مەعنەوی وەرگرتووە کە پێنج ڕۆژی دواتر بتوانێت بە چاکی کار بکات و بەرهەمێکی چاک پێشکەش بە خۆی و گەل و وڵات و مرۆڤایەتی بکات. ئەمە دیارە وێنەیەکی ڕەقوتەقی حیسابی ماتماتیکی و تا ڕادەیەکیش ڕۆمانتیکییە، چونکە مەعنای ئەوە نییە ئەمە ڕێکوڕەوان لە هەموو جێگایەک پیادە دەکرێت. بەڵام لە وڵاتێکی وەک سوێددا کە من باشتر شارەزاییم لێی هەیە تا ڕادەیەکی باش ئەم سیستێمە بە ڕێوە دەچێت.

دەسەڵاتدارانی کوردستان و بەرپرسانی دەستگاکانی فەرهەنگ و ڕاگەیاندن پێیان وایە هەر بەوەی ڕۆژنامەیەک بکرێتە ڕۆژانە، یا لاپەڕەکانی زێتر بکرێت یا کەناڵێکی تازەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دابنرێت یا سی چل گۆڤار و ڕۆژنامەی نوێ بڵاو بکرێنەوە، ئیدی فەرهەنگ و زمان و زانیاری لە وڵاتەکەدا پێش دەکەوێت و نەتەوە چەند هەنگاوێک لە مەیدانی شارستانێتیدا دەچێتە پێشەوە. ئەمە بیرکردنەوەیەکی هێندە کۆڵەوار و نازانستییە کە پێویست بەوە ناکات چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ببین تا بتوانین لە ڕاستبوون و ناڕاستبوونی دڵنیا بین. هەر ئێستا و ئەمڕۆ و لەم جێگایەدا دەتوانین هەموویان دڵنیا بکەین کە ئەمەی ئێوە بیرکردنەوەیەکی نەزۆکە و بەرێکی نابێت و نەتەوەیەکی گەورەی وەکوو کورد دەکەنە کەرەسەیەکی ئەزموونگەری، دەیکەنە مشکی ئازمایشگە (لابوراتور) و دوای بیست ساڵی دیکە دەڵێن، نەخێر ئەو ئەزموونە ڕاست نەبوو، دەبێ بە شێوەیەکی (مۆدێرن!) کار بکەین. من کە ئەمە دەڵێم لە خۆمەوە ڕەمڵ لێ نادەم و کەسیش بە بێ هۆ تاوانبار ناکەم، بەڵکە ئەزموونی ئەم دوا سی ساڵەی ژیانم ئەمەی فێر کردووم و تێگەیاندووم.

پاشکەوتوویی و گەشەنەکردنی فەرهەنگ و زمان و زانیاری لە کوردستانی ئەمڕۆدا لەبەر ئەوە نییە کە گۆڤار و ڕۆژنامە کەم بڵاو دەبنەوە، یا تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ کەمن و ناگەنە هەموو کەس. ئەگەر بمانەوێ هەر بەکورتی دەردەکە باس بکەین و بەڕاشکاوی دەست بخەینە سەر برینەکان، دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگیی زانستی و نیشتمانپەروەرانە و دووربینانە هۆی سەرەکی و هەرەگرنگی ئەو ئاژاوە و نەزۆکی و وێرانییەیە. ئەمە ڕاز و نهێنێکی هێندە گەورە و داپۆشراو نییە کە کەس نەتوانێت پەی پێ ببات. سەرنجدانێکی وردی ئەزموونی گەل و نەتەوە و وڵاتانی دنیا، بۆ کەسێک مەبەستی بێت سوود لە ئەزموون وەربگرێت، ئەوەمان پێ دەڵێت کە نەتەوەیەکی پاشکەوتوو (لێرەدا باسی فەرهەنگ و زانیاری و زمان دەکەم)، دەتوانێت پرۆژەیەکی درێژخایێن بۆ گەشەکردن و پێشخستن دابنێت و وردەوردە، بەڵام بە دڵنیایی و بڕواوە، هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت، پاشەڕۆژی خۆی دروست بکات و ئامانجەکانی یەک لە دوای یەک بهێنێتە دی. بەڵام ئەمە بە خەونبینین و خەیاڵی ڕۆمانتیکییانە و لووتبەرزیی نەتەوەپەرستانە بە دی نایەت. ئەمە پرۆژەیەکی ئاوەزکارانەی زانستی و مەنتیقی و واقیعبینانەیە. بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وەهایش تۆ ناتوانی هەروا لە خۆتەوە کۆمەڵە کەسێک کۆ بکەیتەوە و پێت وا بێت دەتوانن بیبەن بە ڕێوە. کۆمپیوتەرێک ببەرە گوندێکی دواکەوتووی کوردستان، بە هەموو خەڵکی دێیەکەوە، تەنانەت بە پیاوماقووڵ و ڕیشسپی و گەورەکانەوە، ناتوانن کاری پێ بکەن و سوودی لێ وەربگرن. بەڵام ڕەواڵێکی لێزان و شارەزا دەتوانێت سەدان کاری گرنگی پێ ئەنجام بدات. ئەمە مەعنای ئەوە نییە کە پیاوماقووڵانی دێ نەزانن یا ناتوانن کاری گەورە و گرنگ ئەنجام بدەن، بەڵکە مەعنای ئەوەیە ئەمە کاری ئەوان نییە. هەروەهایش مەعنای ئەوە نییە ئەو لاوە (لە بواری دیکەدا) بێئەزموونە دەتوانێت کاروباری دیکەی گوندەکە ببا بە ڕێوە.

ئەمەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا، لە بواری فەرهەنگدا، جێبەجێ دەکرێت هەر ئەوەیە کە کورد سەدان ساڵە ناوی ناوە (زۆر و بۆر). سیاسەتی زۆر و بۆر ناتوانێت چارەسەری کێشە بنەڕەتی و قووڵ و تیراوییەکانی ئێمە بکات. ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکە شت لە ڕەگوڕیشەوە بگۆڕێت، ئەوەی کە بە زمانی ئەم سەردەمە پێی دەگوترێت ڕادیکال. گۆڕینی شت لە ڕەگوڕیشەوە، هەمیشە و بەپێویست، مەعنای ئەوە نییە لە ڕەگوڕیشەوە، لە بێخەوە دەری بهێنیت و هەڵیبکەنیت، بەڵکە مەعنای ئەوەیە ڕەگوڕیشەکەی، بناخەکەی، بنەڕەتەکەی بە جۆرێک دابڕێژیت کە پێویستت بەوە نەبیت هەموو جارێ بگەڕێیتەوە سەری و دەستکاریی بکەیت. یان ئەگەریش پێویستت بە دەستکاری بوو بتوانیت بە چاککردنی گەڵا و لقوپۆپ چارەی بکەیت. بەڵام ئەگەر ڕەگوڕیشە داڕزاو و کرمۆڵ بوو، دیارە ئیدی دەبێ بێ سێودووکردن هەڵیکەنیت و فڕێی بدەیت. ئەم سیاسەتی زۆر و

بۆرە دەمانگەیێنێتە کوێ؟ ئایا دەکرێ بەم جۆرە بیرکردنەوەیە و بەم شێوە کارکردنە کێشە گرنگ و قووڵەکانی نەتەوەیەکی ژێرچەپۆکی وەک کورد چارەسەر بکەین؟ ئایا دەتوانین تۆز و قوڕ و لیتەی ڕابوردوو لە خۆمان بتەکێنین (بپروێنین) و بچینە ڕیزی وڵات و نەتەوە پێشکەوتووەکانی دنیای مۆدێرن و گەشەکردووی ئەمڕۆوە؟ ئایا تا چ ڕادەیەک دەتوانین سوود لە ئەزموونی خەڵکی دیکە وەربگرین بێ ئەوەی ڕەسەنایەتی و ناوەڕۆکی نەریتانەی فەرهەنگی نەتەوایەتیمان بدۆڕێنین؟ ئایا دەکرێ هەر لەبەر ئەوەی دنیا لە گۆڕاندایە و ئەمڕۆ شارستانێتی و فەرهەنگی ئیمپەریالیستانەی ئەمەریکایی سەردەستە، ئیتر دەبێ گەلانی دنیا مل بدەن و خۆ بە دەستەوە بدەن و پێوەر و پرۆژەکانی ئەمەریکا قەبووڵ بکەن؟

## ٢- تاها حوسەین: قەیرانی ڕووناکبیری کورد

تاها حوسەین (١٨٨٩ - ١٩٧٣) لە نووسینێکیدا کە من بە سوێدی خوێندمەوە و پێم وایە خۆی بە فرانسی پێشکەشی کردبوو، باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی پەلامارەکەری سوێسدا، ساڵی ١٩٥٦، کەوتبووە نێوان دوو بەرداشەوە، لە لایەکەوە هەڵوێستی هێرشبەرانەی دەوڵەت و سیاسەتی فرانسا و ڕۆژاوا، لە لایەکی دیکەیشەوە هێرشی ناڕەوای خەڵک، گەلانی عەرەب، بۆ سەر هەموو شتێکی ڕۆژاوا و داوای ئەفەرۆز و بۆیکۆتکردنی تەنانەت زمان و فەرهەنگیان. تاها حوسەینێک کە خۆی پەروەردەی فەرهەنگی هەزارساڵەی (ئەزهەر) و دواتریش زانستگەی سۆربۆنی فرانسا بوو، پرۆژە زانستی و فەرهەنگییەکەیشی تێکهەڵکێشێکی نرخ و بنەما ئەخلاقی و شارستانییەکانی ئیسلام و مێتۆدیک و شێوازی زانستی و ڕەخنەگرانە و لیبرالیزمی فرانسا بوو، ئاسان نەبوو دژی لایەکیان بوەستێت و بێ دوودڵی پشتی لایەکەی دیکە بگرێت.
هەندێ باری تایبەتی، لە سەردەمێکی سیاسیی ئاڵۆزکاودا، دێتە پێشەوە کە ناکرێ ڕووناکبیر لە ئاستیدا بێهەڵوێست بێت. جاری وا هەیە ئەم هەڵوێست وەرگرتنە ڕەنگە ناکۆکییەک لای ڕووناکبیر دروست بکات، لەوەدا کە لە لایەکەوە بەرگری لە کۆمەڵێ بنەمای ئەخلاقی و مرۆڤانە بکات کە کرۆکی کار و باوەڕ و بۆچوونەکانی خۆیەتی و لە لایەکیشەوە ڕەنگە ئەوەی دەیڵێ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی سیاسیی گەل، وڵات، نەتەوەکەی بێت. بەڵام جاری دیکەیش هەیە کە ئەو هەردوو لایەنە یەک دەگرن. کە ئەودەم کارەکەی ئاسانتر دەبێت و هەڵوێست وەرگرتنەکەی دەکرێ ڕوونتر بێت و پێویست بە هیچ تاکتیک و پاساودانێکی نەبێت. نموونەی باری یەکەم هەڵوێستە لە ئەشکەنجەدان و سووکایەتیکردن بە زیندانییانی عیراق لەلایەن دەستەڵاتی عەسکەریی ئەمەریکاوە، نموونەی باری دووەمیش مەسەلەی کەرکووک و هەڵوێستی سازشکارانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردە.
لە باری یەکەمدا دەبێ زۆر بە ئاشکرا ئەو کارە دڕندە و ناڕەوا و نامرۆڤانەیەی ئەمەریکییەکان مەحکووم بکەین، ڕیسوای بکەین و دژی بوەستین. دەزانم لێرەدا ئەو پرسیارە ساکار و ناسیاسی و ناوردبینە دێتە پێشەوە کە: ئاخر ئەوەی بەعس بەرامبەر ئێمە کردوویەتی دە جار لەمە خراپتر بوو، بۆچی ئەودەم کەس لەسەر ئێمە نەهاتە جواب، کەواتە ئێمەیش هەقی خۆمانە بێدەنگ بین و لەدڵیشەوە پێمان خۆش بێت دوژمنەکانمان ئاوەها زەلیل بکرێن و سووکایەتییان پێ بکرێت و ئەشکەنجە بدرێن. ئەمە هەڵوێستێکی ڕاست نییە و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بنەما ئەخلاقی و نرخە مرۆڤانەکانی ڕووناکبیری مرۆڤدۆستدا ناگونجێت. ڕەنگە ئەگەر سیاسەتمەدارێک هەڵوێستێکی وەها بنوێنێت ناوی تاکتیک و دیپلۆماسیی لێ بنێت، بەڵام بۆ ڕووناکبیرێک ئەمە بە هیچ جۆرێک پاساودراو نییە. خاڵی یەکەم لێرەدا ئەوەیە کە پێش هەموو شتێک دیاردەکە وەک خۆی کە هەیە و کە ڕووی داوە و ڕوو دەدا ببینین، بێ ئەوەی هیچ بارێکی دیکەی هەستی تۆڵەکاریی لێ بار بکەین، یا بە لایەکەی دیکەدا زێدەڕۆیی بکەین و بە شێوەی چەپی مندالانە هەر لەبەر ئەوەی ئەمەریکا دەیکات دژی بین و لە قاوی بدەین. ئێمە دژی ئەشکەنجەین، دژی سووکایەتیکردنین بە مرۆڤ ئەو کەسە هەر کێیەک بێت؛ تەنانەت دوژمنەکانیشمان، تەنانەت ئەگەر سەددام حوسەین خۆیشی بێت. ئەمە بنەمایەکە نابێ بە هیچ جۆرێ لە ئاستیدا دوودڵ بین. ئێمە بە بێدەنگیمان بەرامبەری، حەقبوون و ڕەوابوونی دۆزی خۆمان لە ڕابوردوودا دەسڕینەوە، ئەو ڕابوردووەی خۆمان بریندار دەکەین. ژێردەستەیی و زەبوونیی خۆمان بە زمانی دەستەڵات و هەڵقۆستنەوە تەفسیر دەکەین و دەیخەینە چوارچێوەی ئەو مەنتیقەوە کە هەر کاتێ دەستەڵاتمان هەبوو، هەر کاتێ دەستمان ڕۆیشت، مافی خۆمانە دوژمنەکانمان زەلیل بکەین و تۆڵەیان لێ بکەینەوە و ئەوەی بمانەوێ بەرانبەریان بیکەین. لێرەدا هیچ سنوور و جیاوازییەکمان لەنێوان خۆمان و چەوسێنەرەوەکانی جارانماندا نەهێشت. بەم هەڵوێستە ئەو سنوورەی ئێمەی چەوساوە و زۆرلێکراو لەمدیویەوە بووین و زۆرداران و چەوسێنەران و نامرۆڤەکان لەودیویەوە، سڕایەوە. ئەمە مەنتیقی دەستڕۆیشتووانی ناڕەواکار و زۆردار و نامرۆڤانەیە. ئەمە مەنتیقی کەسانێکە خۆیان بە هیچ نرخێکی مرۆڤانە و بنەمایەکی ئەخلاقییەوە نەبەستووەتەوە. بەم هەڵوێستە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئێمە و ئەواندا، واتە دوژمن و چەوسێنەرەوەکانماندا، نامێنێت. ئێمەیش ڕێک ئەو کارە دەکەین کە ئەوان دەیانکرد و هەر ئەو لۆگیکە بە کار دەبەین کە ئەوان بە کاریان دەهێنا. مەنتیقی سەرکەوتووی زۆردار، زۆرداری دەستڕۆیشتوو.
لەتێکی دیکەی پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە بەم هەڵوێست وەرگرتنە هیچ سوودێک بەو ڕابردووە دەگەیێنین، هیچ لە زوڵملێکراوی و چەوساوەیی و بندەستی و زەبوونی و زەلیلیی قوربانییەکان، واتە خوشک و برا و باوک و خزم و کەسوکارەکانمان، هیچ لە ئازاری ئەوان کەم دەکەینەوە، هیچ لە باری زۆڵملێکراوییان کەم دەکەینەوە، هیچ لەتێکی بچووکی ئەو واقیعە تاڵەی ئەوانی تێدا ڕۆیشتن دەگۆڕین؟ نا... بێگومان نە. تەنیا شتێک کە دەیگۆڕین، ئەویش بە زیانی ئەوان و خۆیشمان، ئەوەیە ئێمە بەم هەڵوێستە ئەو سەربەرزی و گەورەیی و پیرۆزییەی بە خوێنی خۆیان و بە مردنی ناحەقی خۆیان دەستیان کەوتبوو لێیان دەستێنینەوە. جلوبەرگی شەهیدی و سەروەری و مەزلوومییان لێ دەستێنینەوە و بەرگی زۆرداری، یا ڕاستتر بەرگی مەنتیقی زۆردارییان لە بەر دەکەین. یا بە وێنەیەکی ڕوونتر بەرگی سووری شەهیدیان لە بەر

دادەماڵین و بەرگی پەڵەپەڵەی عەریف یا بەعسییەکی دڕندەیان لە بەر دەکەین. لە پلەی شەهید دەیانهێنینە خوارەوە بۆ دەرەکی جەللاد، یا هەر نەبێ لە ڕیزی ئەواندا ڕایاندەگرین.

ئایا ئەم هەڵوێستە مەعنای ئەوەیە ئێمە ئەو کەسانەی خۆمانمان فەرامۆش کردووە و پشتمان بەر داون؟ بێگومان نا. ئێمە دەبێ هەمیشە باسی مەزڵوومیی ئەوان دووبارە و دە بارە و سەد بارە بکەینەوە. چونکە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی ئەوان کەسوکاری ئێمەن و خوێن و جەرگ و دڵی ئێمەن / بوون، بەڵام هاوکاتیش لەبەر ئەوەی ئێمە بەرگری لە مەسەلەیەکی ڕەوا و مرۆڤانە دەکەین. ئەم بەرگریکردنە لەو ڕابوردووە خوێناوی و ناڕەوا و چەوساوە و زۆرلێکراوە، ڕادەکێشین و فراوانی دەکەینەوە و دەیکەینە ئەو ئالایەی کە لە سێبەریدا ڕەوایەتی و ڕاستی و حەقانییەت دەدەینە بیر و هەڵوێست و داواکارییەکانی ئەمڕۆمان. بەمە ئێمە چەکێکی دیکەیشمان دەست دەکەوێت کە شەڕی پێ بکەین. شەڕی بەرگری لە خۆمان، لە مەسەلەی ڕەوای خۆمان و لە بندەستی و زۆرلێکراویی خۆمان، دیارە لەگەڵیشیدا لە هەموو زۆرلێکراو و چەوساوەیەک. بەمە ئێمە تەنانەت دوژمنەکانیشمان ناچار دەکەین، پێ لەو ڕاستییە بنێن کە ئێمە بەرگری لە حەق و ڕاستی دەکەین، نەک مەسەلەیەکی کاتەکی و دەستکردی کۆلۆنیالستان و ئیمپەریالیستان. کە باسی ڕابوردوو دەکەین بە ڕاستمانە و گاڵتە ناکەین و چاوبەستەکی ناکەین. بەمە ئێمە ئەو چەکەیش لە دەستی کۆنە دوژمنەکانمان دەردەکەین کە ڕابوردووی خۆیانیان پێ پاساو دەدا و ئێستایشی پێ پینە دەکەین. کە ئەوان ئەم هەڵوێستەی ئێمە ببینن و ببیستن ئیدی ناتوانن هەروا سووک و ئاسان بڵێن، ئەوەتا کوردەکان بۆ سەرشۆڕیی ئێمە جەژن دەگێڕن، کەواتە دەستی سەددام خۆش بێت کە وای لێ دەکردن، هەر ئەو چاکی دەناسین، تەماشا بکەن، کە ئەمڕۆ دەستیان دەڕوات، ئەویش بە پاڵپشتیی ئەمەریکا، چۆن هەموو زۆرلێکراوی و مرۆڤایەتییان لە بیر چووەوە و لەگەڵ زۆردار و چەوسێنەردا هەڵپەرکێ دەکەن. بەمە ئێمە بەڵگەیەکی مەنتیقی و عەقڵانی دەدەینە دەستیانەوە کە ئەو ڕابوردووەی ئێمەی پێ بسڕنەوە. یا هەر نەبێ بیخەنە چوارچێوەی هاوکێشەیەکەوە کە ئێمە و ئەوان وەکوو یەکمان لێ دێت، جیاوازییەکەی نێوانمان دەسڕینەوە، زۆرلێکراو و زۆردار لە یەک خانەدا ڕادەگرین.

مەسەلەی دووەم دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکیان هەر وەک ئەمەیە، ڕووی دووەمیان پێچەوانەیە، ئەویش مەسەلەی کەرکووکە. ئێمە بە ئاشکرا دەبینین سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد لەم مەسەلەیەدا سازش دەکەن و هەڵوێستێک دەنوێنن کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ پاشخانی قانوونی و مێژوویی و جوگرافی و سیاسیی کورد و کەرکووکدا ناگونجێت و ناتەبایە. ئایا پێویستە ڕووناکبیری کورد لەگەڵ ئەوان هاوهەڵوێست بێت، بە بیانووی ئەوەوە کە ڕیزەکانمان یەکگرتوو بێت؟ ئایا بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان لەوەدایە کە وەک سەرکردەکان هەڵوێست بنوێنین، یا پێ لەسەر ڕەوایەتیی کوردستانیبوون و کوردبوونی کەرکووک دابگرین؟ ئایا بە هەڵوێستێکی وا جێپێی خۆمان و جێپێی سەرکردەکان لەق دەکەین یا بەهێز و چەسپاو؟ ئەگەر ڕووناکبیری کورد لەم کاتەدا و بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵوێستێکی جیاوازی هەبێت دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەڵوێست و دادخوازیی سەرکردەی سیاسیی کوردیش. بێدەنگیی ئێمە سڕینەوەی شەرعییەت و ڕەوایەتیی داواکردنی کەرکووکە. سڕینەوەی هەڵوێستێکی مێژوویی و نەتەوایەتییە کە سەرکردەیەکی ئەفسانەئاسای وەک مەلا مستەفای بارزانی بەرگریی لێ کردووە و ئەو هەڵوێستە بە ناوی ئەوەوە تۆمار کراوە.

ڕووناکبیری کورد، تەنانەت ئەگەر ئەندامی پارتییەکی سیاسیی کوردیش بێت، نابێ چاو لەوە بپۆشێت کە مەسەلەی کەرکووک هیی ئەوە نییە سازشی لەسەر بکرێت. هەڵوێستی خۆیشی دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە هەڵچنێت کە پێش هەموو شتێک کوردە و ڕووناکبیرێکی کوردە. ئەگەرچی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دەیان کۆسپ و تەگەرەی لە پێشدایە، بەڵام کەرکووک گرنگترین برگەی پرۆژەی کوردایەتیی ئەم سەردەمەیە. ئێمە دەبێ ئەوەمان زۆر چاک لا ڕوون بێت کە کەرکووک مەسەلەی تێکڕای نەتەوەی کوردە، نەک تەنیا بەشێکە لە هەلومەرجی کوردستانی باشوور. تێکشکانی پرۆژەی گێڕانەوەی کەرکووک بۆ ناو جوگرافیای سیاسی و کارگێڕیی کوردستان دەبێتە تێکشکانی هەموو برگەکانی دیکەی کوردایەتی.

ڕوویەکی دیکەی باسەکە ئەوەیە کە بەرگریکردن لە کەرکووک بەرگریکردنە لە مەسەلەیەکی ڕەوا، کە ڕەنگە نموونەی لای گەلانی دیکەیش هەبێت، بۆ نموونە فەلەستینییەکان. ئێمە کە بتوانین پشتگیریی مەسەلە ڕەواکانی دیکەی دنیا بکەین، دەبێ چاکتر بتوانین ببینە پشتیوانی ئەم مەسەلەیەیش، بەتایبەت کە لە نزیکەوە ئاگامان لە ورد و درشتی باسەکە و پاشخانە سیاسییەکەی هەیە. ئەوجا ئەگەر بۆ ڕووناکبیرێکی ئەندامی پارتییەکی سیاسی ئەم هەڵوێستگرتنە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکییەک، دەبێ ئەو بێ دوودڵی لایەنی ڕاستی و داد و نرخەکانیان هەڵبژێرێت. ئەو دەتوانێت لەناو حیزبەکەی خۆیدا و بە ڕێگا و بنەما سیاسییەکانی خۆی ڕەخنە لە هەڵوێستی حیزبەکەی بگرێت، بەڵام هەر کاتێک کار گەیشتە ناکۆکییەکی وەها کە دەبوو لایەنێک هەڵبژێرێت، ئەگەر لایەنی ڕاستیی هەڵنەبژارد، بێگومان دەبێتە ڕووناکبیرێکی هەڵوێستباز و ترسنۆک.

## ٣- هەڵوێست و هەڵوێستبازی

نووسەری کورد، مەبەستم نووسەری جددی و خۆماندووکەری کوردە، دەکەوێتە بەردەم دووڕیانێکی زۆر سەخت و پشووچکێن: ئایا هەر دڵسۆزی هونەر و ئەدەب و نرخەکانی خۆی، دڵسۆزی بنەما ئێستێتیکی و ئەخلاقییەکانی خۆی بێت، یا لەپێناوی خوێنەر و بەرژەوەندی گشتیدا سەر بۆ "هەندێ" مەرج دانەوێنێ، کە ڕەنگە زۆربەی خەڵک هەر فەرقیشی پێ نەکەن؟ ئەگەر ڕێگای یەکەم هەڵبژێرێت ڕەنگە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەر و خوێنەواری کورد لێی بتەکێنەوە و زۆر لەو پلە و پایە ڕەسمی و کۆمەڵایەتی و ماددییانەی نووسەرێکی سەرکەوتوو دەیبێت، ئەو بێدۆڕێنێت. لەوەیە هەست بە ئارامییەک بکات کە لەگەڵ خۆی و باوەڕ و پێوەرەکانی خۆیدا ڕاستگۆ بووە و پشتی بەر نەداون. ڕەنگە تاکوتەرایش خوێنەری نرخناس و بەویژدان هەبن کە هەڵوێستەکەی بەرز بنرخێنن و ئەویش ئەو کەمە پشتگیرییەی لە هەموو شتێکی دیکە بە لاوە گرنگتر بێت. ڕەنگە وا بیر بکاتەوە کە ئەمەی ئێستا کەفوکوڵێکی نەزانانە و عەوامانە و ناشیانەیە، ڕۆژێک هەر دێت خەڵک نرخی هەڵوێست

و کارەکانم بزانن. ئێمە هەر لە وەختی خانییەوە ئەم دەردکێشانەمان بینیوە و تۆمار کراوە. ئەگەر ڕێگەی دووەم هەڵبژێرێت، دەبێتە یەکێک لە نووسەر و ڕووناکبیرە (بەڕەسمی) ناسراو و ناودارەکانی گەلەکەی. نەک هەر هەزاران کۆلکەخوێندەوار شاباشی دەکەن، بگرە تەنانەت هەزاران نەخوێندەواریش بە بەژنوبالای نووسین و شیعر و بیرەکانیدا هەڵدەدەن. کە دەڵێم نەخوێندەوار مەبەستم پلارگرتن نییە، هەر بەڕاستی مەبەستم کەسانێکە کە بە هەموو ژیانیان دوو کتێبیان نەخوێندووەتەوە، یا هەر هیچ خوێنەوارییان نییە. من خۆم نموونەی وام بینیوە. کەچی لەبەر ئەوەی دەستەڵاتی ڕەسمی، حیزبی فەرماندە، سەرۆکی بالا، سەرۆکی نەتەوە و دەستگاکانی بەردەستیان و هەموو میرزابنووس و کاتب و سکرەتێرەکانیان ئەم نووسراو و ئەدەب و فەرهەنگەیان قەبووڵ کردووە، کەواتە گەلیش قەبووڵی دەکات و دەبێ قەبووڵی بکات (الناس علی دین ملوکهم). هەر بە دوای ئەوەیشدا لەقەب و نازناوی شاعیری گەورەی گەلەکەمان و نووسەری هەرە ناوداری گەل و باوکی ئەدەب و ڕێبەری ڕۆشنبیری و زۆری لەو بابەتەیش وەردەگرن. هەنگاوی دوای ئەوەیش سەرخستنی ئەو نازناوە ڕەسمییانەیە، ڕێک وەک پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەر و پۆلیس و کارمەندان. ئەگەر چوار ساڵ وەک شاعیری حیزب کاری کرد، دەبێ بەرز بکرێتەوە بۆ پلەی شاعیری گەلەکەمان، چوار ساڵ دواتریش مافی ڕەوای خۆیەتی بکرێتە شاعیری گەورەی گەلەکەمان و هەندێ جاریش نەتەوەکەمان و هەندێ جاریش هەرەگەورە. هاوکات لەگەڵ ئەو قۆناغانەیشدا، جاروبار مەدالیا دەکرێ بە بەرۆکیدا و خەڵاتی بەناو فەرهەنگی و بە ناوەڕۆک سیاسیی پێ دەبەخشرێت. بەوەیش ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بکرێتە باوکی فەرهەنگ و نووسینی نەتەوە و پلەی پیرۆزی و نەمریی پێ بدرێت. ئەمە هەر ئەو دیمەنەیە کە لە سیستەمی وڵاتە سۆسیالیستەکانی جاراندا دەبینرا. تەنانەت کابرایەکی دەبەنگی وەک (لیۆنید برێژنێڤ)یش مەدالیایەکی ئەدەبیی وەرگرت. لە نزیکی خۆیشمانەوە ڕێژیمی بەعس هەر ئەو کارەی دەکرد و خەڵات و مەدالیاکانی هێندە زۆر بوون کە تەنانەت کۆمەڵێ نووسەر و ڕووناکبیری هەڵوێستبازی کوردیش بەریان دەکەوت.

هەموو لە بیرتانە کە ساڵی حەفتاوچوار دیوانی تاریکوڕوونی مام هێمن دەرچوو، ڕەحمەتیی دۆکتۆر ئەوڕەحمانی قاسملوو بە چ ئاووتاوێک پەسنی داوە و کردوویەتی بە شاعیری گەل، چونکە ئەودەم حیزب لێی ڕازی بوو. کەچی هەر دوای هەشت ساڵ لە کۆڕێکی گشتیدا، لە ستۆکهۆڵم، دەڵێ هێمن بۆتە جاش و ئەوەتا لە ورمێ دانیشتووە. باسی لایەنەکانی دیکەی گرتن و ڕاونان و چوونەسەر ماڵی مام هێمن ناکەم، ئەوەیش چیرۆکێکی دیکەیە. بەڵام نە مام هێمن ئەو شاعیرە حیزبییە بیرتەسکە بوو کە هەر لەخۆڕا بە بەژنوبالای حیزبەکەیدا هەڵبدات، نە حیزبی دێمۆکرات و سکرتێرەکەیشی ئەو دەستگا و دەستەڵاتە بوون کە مەدالیا و خەڵات بدەنە شاعیر یا لێی وەربگرنەوە (یادی هەموویان بە خێر).

ئایا ڕێژیمی سیاسی/ دەستەڵاتی سیاسی کارێکی باش دەکات کە نووسەر و هونەرمەند دەستەمۆ دەکات و لەناو ئەوانیشدا هەندێکیان دەکڕێت؟ ئایا ئەمانە تا چەند دڵسۆزن بەرامبەر ناندەرەکانیان؟ ئەی تا کەی دەتوانن بە دڵسۆزی بمێننەوە؟ دیارە لە گۆشەنیگای مرۆڤایەتی و هونەر و بیر و ئەخلاق و داهێنانەوە ئەمە تاوانێکە بە هیچ کڵۆجێک پاساو نادرێت، چونکە دەستەمۆکردنی داهێنان، واتە ڕیشەکێشکردن و گواستنەوەی لە ژینگەی خۆیەوە بۆ ژینگەیەکی ناسروشتی. هەروەک گۆڕینی ئاقاری ڕۆیشتن و گەشەکردنی هونەر و داهێنانە. بێجگە لەوەیش ئەمە بەکارهێنانی پێویستییە مرۆڤانە و ڕۆژانە و بنەڕەتییەکانی مرۆڤێکە لەپێناو بەرژەوەندی سیاسیدا، چونکە ئەگەر هونەرمەند پێویستی ناچاری نەکات، ئامادە نییە خۆی بخاتە بەردەست دەستەڵات، کە دیارە بە هیچ جۆرێکیش لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی و هونەریی ویدا ناگونجێت کە خۆی بفرۆشێت. ڕەنگە لە گۆشەنیگای حیزبی و سیاسی و تاکتیکی و تەنانەت بەرژەوەندی بالای نیشتمان و نەتەوەوە، بەو چاوەی کە دەستەڵات و ئیدیۆلۆگی دەیبینێ، ئەمە کارێکی باش بێت، بەڵام ئەزموونی سەدان ساڵ ئەوەی پێشان داوە کە سەرەنجام و ئاکامی ئەم بازرگانییە زیانی هونەرمەند، نەتەوە، نیشتمان و هونەری تێدایە. ئەمانە ڕەنگە لە ماوەیەکی کورتدا و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکەڵکی هێزێکی سیاسی بێن، بەڵام لە مەودای دووردا دڵسۆزی ئەو ئاغایانەیش نابن کە تا دوێنێ دەسندەخۆریان بوو. ئەگەر چاوێک لە شێوازی کاری حیزبی بەعس یا تەنانەت حیزبە کوردییەکان بکەین بە دەیان و سەدان نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیر هەن، کە ماوەیەک لە خزمەتی یەکێک لەم هێزانەدا بوونە، کەچی لەبەر زۆر هۆی کەسی، یا لەبەر لاوازبوون یا ڕووخانی دەستەڵاتەکە، یا لەبەر ئەوەی لایەنێکی دیکە هەروا سووک و ئاسان پارەیەکی باشتری داوە و نرخێکی باشتری داوە، ئەم ڕووناکبیر و هونەرمەند و نووسەرانە جێگۆڕکێیەکی خێرا و سەرسووڕهێنەریان کردووە. سەیر ئەوەیە ئەمان لەم جێگۆڕکێیەدا هیچ بە شەرمی نازانن و پێیان وا نییە کارێکی خراپیان کردبێت، بەڵکە وای دەردەبڕن کە ئەوان ڕێگەی ڕاستیان دۆزیوەتەوە و گەیشتوونەتە ڕاستی. تەنانەت ئەو ڕق و کینە و دوژمنایەتییەی لەگەڵ تۆ هەیانبووە، ئێستایش هەر لەسەری دەڕۆن و زۆریش لەوە دڵنیان کە ئەودەم تۆ هەڵە بوویت و ئێستایش هەر تۆ هەڵەیت و هەر ئەوان لەسەر حەق بوونە و لەسەر حەقن.

شاعیر و نووسەری حیزب (و ئێستا هیی نەتەوە) تازە ناتوانێت دەسبەرداری ئەو هەموو ناز و نیعمەت و نازناو و خێر و خۆشییە ببێت. ئەگەرچی دڵنیام بەشێکیان لە ناوەوە هەست دەکەن کە چۆن پشتیان کردۆتە نرخە مرۆڤانە و هونەری و جوانییەکانی کە هەر نەبێ ڕەنگە لە تەمەنی لاوێنیدا باوەڕیان پێی بووبێت و ئێستا هەست دەکات پشتی تێ کردوون و پشتی کردووەتە ئەو سەدان گەنجە دڵگەرم و تازەخوازانەی کە ئەوانیش وەک جارانی خۆی تازە دەستیان داوەتێ و باوەڕیان بە زۆر نرخ و بنەما هەیە و ئامادە نین هێندەی سەرەموویەکیش وازی لێ بێنن. ئەگەر بەختیان هەبێت و نەتەوەکەیان و فەرهەنگی نەتەوەکەیان و فەرهەنگی مرۆڤایەتی بەختی هەبێت ئەمانە ناکەونە بەر دەستی ئەو هێز و دەستەڵاتانەی کاریان دەستەمۆکردنی ئەم بەهرە کێوی و ڕەسەن و پاکانەیە.

سۆڵلەنتونا، شەوی یەکشەممەی ٢٦/٦/٢٠٠٥

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:
# جێبەجێنەکردنی ماددەی ٥٨ مانای گەڕانەوەیە بۆ سەر خاڵی (سفر)...
# دەوڵەتی ئایینیشمان پێ قبووڵ ناکرێت

**دیمانە: مەڵبەند**



عەدنان موفتی ـ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



لە ڕاستەوە: کەمال کەرکووکی، عەدنان موفتی و...

**بۆ جارێکی تر پەرلەمانی کوردستان، دوای زیاتر لە چوار مانگ کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەست و بە هەڵبژاردنی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی وەکو یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو لە ڕەوتی خەباتی گەلی کورددا. لەمەوە چەندین ئەرکی تازە هاتنە پێش پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لەو هەلومەرجە چارەنووسسازەدا ڕۆڵی خۆی بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیی کورد لە عیراقی تازەدا، ببینێت، ئەمڕۆ کورد بە دوو سەرکردەی لێهاتووەوە و بە کۆمەڵێ پەرلەمەنتاری شارەزاوە، بەشداری لە داڕشتنی ئایندەکەیدا دەکات. ئەو بابەتە تازانەی کورد پێویستیان بە لاکردنەوە هەیە لەگەڵ دەستگایەکی کوردیدا کە بە شەرعیەتی هەڵبژاردنەوە،نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکات. بۆیە ڕوومان کردە لای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان؛ بەڕێز کاک عەدنان موفتی و چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە «مەڵبەند»مان لەگەڵدا ساز کرد:**

*پ. لە ناکۆکییەکی توندەوە کە شەقامی کوردی نیگەران کردبوو، بەرەو ڕێکەوتنێکی کتوپر کە کۆتایی بە بێنەوبەردەی زیاتر لە سێ مانگ هێنا، ئەوەی سێ مانگ کەڵەکە بووبوو بە هاتنی بەڕێز مام جەلال و لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەر هەموو کێشەکان چارەسەر کران، ئەو دارئاسا سیحرییە چی بوو بە ئاسانی هەموو شتەکانی ڕێکخستەوە بە ماڵی کوردیشەوە؟*

و. پێم وانییە ناکۆکییەکان بەو شێوەیە بووبێت کە لە پرسیارەکەتاندا باست کردن، هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێین کە ناکۆکی هەبووە بەڵام هەڵبەت ڕاستییەکیش هەیە کە هەردوولا، یەکێتی و پارتی لەو قەناعەتەدان کە پەرەسەندنی ناکۆکییەکان دەبێتە ڕێگر لە بەردەم زۆربەی کارە هاوبەشەکانیان کە پێویستی بە یەکریزی و هەماهەنگی هەیە و بە بوونی ئەو ناکۆکییانەش تەنانەت ناتوانن حزبەکانی خۆشیان پێش بخەن، چونکە زەمان گۆڕاوە و کاتی ئەوەش بەسەرچووە جارێکی تر ململانێ و ناکۆکییەکان بەرەو هەڵدێری شەڕی ناوخۆمان بباتەوە، ئێستا هەردوو سەرکردایەتی هێڵێکی سووریان هەیە کە نابێت بە هیچ شێوەیەک ببەزێنرێت.

بێگومان بوونی ناکۆکیش لەنێوان دوو لایەنی جیادا لە بیروبۆچوون و سیاسەتی جیاواز شتێکی ئاساییە، بەڵام لە ئاکامدا هەر دەبێت هەردوولا لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن. لەبارەی پرسیارەکەتەوە هەڵبەت ئێوەش دەزانن کە ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان هەردوولادا لە ١/١٢ ساڵی ٢٠٠٤ ئیمزا کرا کە ئەویش تایبەت بوو بە خۆسازدانمان بۆ هەڵبژاردنی گشتی و خۆئامادەکردنیش بۆ قۆناغی دوای هەڵبژاردن و خەباتکردنی هاوبەشمان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی میللەتەکەمان لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا و گەڕاندنەوەی ناوچە پارچەپارچەکراوەکانی سنووری هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک. هەر لەو ڕێککەوتنەدا بیر لەوە کرایەوە کە کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی لە عیرقدا مافی ئەوەی هەبێت یەکێک لە پۆستە سیادییەکانی وڵات بە دەست بهێنێت. لەم بارەشەوە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە بەڕێز مام جەلال کاندید بکرێت بۆ پۆستی سیادی لە بەغدا و جەنابی کاک مەسعودیش بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، ئەو ڕێککەوتنەش بە



دوو دیمەنی کۆبوونەوەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان

ڕەزامەندیی سەرجەم لایەنەکانی کوردستان بوو ئەوانەی لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کرد، جگە لە لایەنەکانی تری پێکهاتەی کوردستان وەکو تورکمان و کلد و ئاشورییەکان. پاش سەرکەوتنی ئیرادەی کورد بە هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی عیراق، جێبەجێکردنی دووەم هاتە پێش کە ئەویش هەڵبژاردنی جەنابی کاک مەسعود بوو بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم. هەڵبەت ئەم جۆرە پرۆسەیەش پێویستی بە کۆبوونەوەی پەرلەمان هەبوو، کە بە داخەوە بە هۆی سەرقاڵبوونمان بە پرسەکانی کورد لە بەغدا، کۆبوونەوەکانی دواکەوت. جگە لەوەش دانانی پۆستی سەرۆکی هەرێم پێویستی بە یاسایەک هەبوو کە کار و دەسەڵاتەکانی سەرۆک ڕێک بخات، ئەمە جگە لەو پێشهاتە تازانەی تر، وەکو یەکخستنی هەردوو ئیدارە کە ئەمانەش بە وردی لە ڕێککەوتنەکەی ١/١٢دا باس نەکرابوو. ئەمانە بە گشتی پێویستیان بەوە کرد کە زنجیرەیەک دانیشتن ساز بکرێت بۆ چوونە ناو وردەکارییەکانەوە. من خۆم پێشنیاری ئەوەم کرد کە پەرلەمان کۆ ببێتەوە و بەتەمەنترین ئەندامی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە دەستەوە بگرێت تا ڕێکخستنی سەرجەم کارەکان، بەڵام برادەرانی تر ڕایان وابوو کە بە ڕێکەوتنێکی سەرتاسەرییەوە بچینە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، هەڵبەت زۆر ئاساییە لایەنەکانی هەر گفتوگۆیەک، یا دانوستانێک، یا ڕێکەوتنێک، بیروڕای جیایان هەبێت، بەڵام چونکە ئیرادەیەک هەبوو بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و ڕێککەوتن لەسەری، بۆیە وەکو بینیتان کارەکان بە ئاسانی بە ڕێوە چوون و کۆتاییش بە ناکۆکییەکان هات.

*پ. بەڵام هەندێ لە نێوەندە ڕۆژنامەوانییەکان باسیان لەوە کرد گوایە لەناو سەرکردایەتیی یەکێتیدا کەسانێک هەن دژی شێوەی کۆتاییهێنان بە کێشەکان بوون، بەتایبەتیش لە مەسەلەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم؟*

و. نەخێر هەموو لایەک ڕازی بوون بە ڕێکەوتنەکە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە بیروبۆچوونی جیاواز نەبووە لە کاتی گفتوگۆکاندا. پێشموایە ئەو بیروڕا جیاوازانە خزمەتی ڕەوتی ڕێککەوتنەکەیان کرد نەک دژی بوون.

*پ. باشە کە ئێستا کۆتایی بە کێشەکاندا هاتووە و کورد دوو سەرۆکی هەیە لە بەغدا و لە کوردستان، ئەرکە لە پێشەکانی کورد لە قۆناغی داهاتوودا چین؟*

و. پێش هەموو شتێک یەکخستنی هەردوو ئیدارەیە، کە ئەمە داوایەکی بە پەلەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. ئەمجا ئەرکی بەشداریکردنمانە لە نووسینەوەی دەستووری عیراقدا کە ئەمەش پێموایە هەستیارترین و گەورەترین ئەرکی سەرشانی سەرکردایەتیی کوردە لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا و دەبێت جەماوەری کوردستانیش ڕۆڵی خۆی ببینێت لە پشتگیریکردنی ئەندامە کوردەکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عیراق و هاندانی پسپۆڕانی ئەم بوارە بۆ هاوکاریکردنیان. ئەرکی ترمان جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراقە کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ئاساییکردنەوەی وەزعی و گەڕانەوەی کورد و تورکمان بۆ ئەم شارە و گێڕانەوەی عارەبە هاوردەکان بۆ شوینی خۆیان بە شێوەیەکی یاسایی بە لەبەرچاوگرتنی یاساکانی مافی مرۆڤ و دواتریش ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گشتی لەسەر کەرکووک. ئەرکی تریش گەڕاندنەوەی ئەو قەزا و ناحیە کوردییانەن کە لە سنووری هەرێمی کوردستان دابڕاون. ئەرکی ترمان، کە پێموایە زۆر گرنگە، دانانی بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە کوردستاندا کە دەبێتە زامنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

*پ. ئەوەی جەنابتان باستان لێ کرد ئەرکی کوردە لەسەر ئاستی کوردستان، ئەمڕۆش پرسی نووسینەوەی دەستوورێکی تازە لە عیراقدا لە ئارادایە، ئێوە وەکو پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن، چیتان لە دەستوورە تازەکە گەرەکە؟*

و. پێش هەر شتێک مەسەلەی فیدراڵی و دانانان بەو سیستەمەدا لەسەر ئاستی عیراق، چونکە مەسەلەی فیدراڵی لای ئێمەی کورد مساوەمەی لەسەر ناکرێت، هەرچەندە ئەوەش داخوازیی سەرەکی ئێمەیە وەکو میللەتێک لەم وڵاتەدا، داوای ترمان دامەزراندنەوەی عیراقە لەسەر بنەمای دیموکراتی و دەستاودەستکردنی دەستەڵات، دەبێت دەستوور زامنی ئەوە بکات کە جارێکی تر دیکتاتۆریەت ناگەڕێتەوە عیراق ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی سەرجەم دەستەڵاتەکانی ناوەندە بەسەر هەرێمە فیدراڵەکاندا. داوا دەکەین دەستووری داهاتوو بەوردی باس لە مەسەلەی دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات بکات و زامنی بە عەدالەت دابەشکردنی بکات بەسەر ناوچەکاندا، کە پێموایە ئەمە دەبێتە هۆکارێکی پێشکەوتنی زیاتر، بە هۆی خولقاندنی کێبەرکێی نێوان ناوچە جیاجیاکانەوە.



هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان

جگە لەوانەش، دەبێت دەستووری داهاتوو بیروباوەڕی تاک و کۆمەڵ بپارێزێت، بیروباوەڕی ئایینی و نەتەوایەتیی هەموو پێکهاتەکانی عیراق بپارێزێت، زامنی ئازادیی سیاسی بۆ تاک و کۆمەڵ بکات و گرنگ ئەوەیە ئەو هەموو چەمکانەی باسمان کردن بخرێنە ناو چوارچێوەی یاساییەوە، ڕەنگە دەستوور نەتوانێت ئەم هەموو داواکارییە میللییانە بەوردی باس بکات، بەڵام دەکرێت باس لە پرەنسیپە سەرەکییەکان بکات و دواتریش وردەکارییەکان بە یاسای تر زامن بکرێن.

*پ. لەنێو داواکانتاندا باست لە زۆر شت کرد کە لامان وایە بەشێکیان ئاسان نییە بێتە دی، چونکە ئێستا مشتومڕێکی توندیان لەسەر دەکرێت، بۆ نموونە وەکو فیدراڵییەت کە هەندێ لایەنی شیعە پێی ڕازی نین. هەروەها شیعەکان لەم دواییانەدا زۆر لەسەر مەسەلەی کەرکووک دواون و بەئاشکراش دژی گەڕاندنەوەی عارەبە هاوردەکانن، جگە لەمانە ئێوە داوای عەلمانیەت دەکەن، کەچی شیعەکان بە ئاسانی ملی بۆ نادەن. پێت وایە بتوانن، لەو ماوە کورتەدا کە بۆ نووسینەوەی دەستوور دانراوە، چارەسەری ئەم هەموو ناکۆکییانە بکەن؟*

و. بەڵێ بە تەوافوق هەموو ئەو کێشانەی باست کردن چارەسەر دەکرێن. ئێمە پێمان وایە هەر حزبێک، یا هەر پێکهاتەیەکی عیراقی، تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە هەڵبەت لای ئێمە ڕێز لەو جۆرە تایبەتمەندییانە دەگیرێت، بەڵام نابێت هیچ لایەک، یا دەسەڵاتێک، هەوڵ بدات ئەو تایبەتمەندییە پێشێل بکات. ئەگەر ئێمەی کورد وەربگرین، ئەوا کورد وەکو میللەتێک و وەکو نەتەوەیەک مافی چارەنووسی خۆی هەیە، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە، بەڵام لەبەر زرووفی دەولی و چەندین هۆکاری تر کە سەرکردایەتیی کورد درکی پێ کردووە، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تەنازولی کردووە و ڕازییە بەوەی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا بمێنێتەوە و لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عیراقدا بژی بۆ ئەوەی عیراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوانیش ئەگەر دەیانەوێت یەکێتیی عیراق بپارێزن ئەوە دەبێت دان بەوەدا بنێن کە عیراق وڵاتێکی فرەنەتەوەییە، فرەئایینییە، فرەبیروباوەڕە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئێمە وەکو سەرکردایەتیی کورد ناتوانین لێدوانی هەندێ کەس و لایەن بکەینە پێوەرێک بۆ مەسەلە سیاسییەکان، لەگەڵ ئەوەی ڕێز لە بیروبۆچوونی هەموو کەسێک دەگرین، بەڵام لەو مەسەلانەدا ئێمە پابەندی چەندین ڕێککەوتنی سیاسیین، لەوانەش ئەو ڕێککەوتننانەی کە ساڵانێکە لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عیراقیدا مۆرمان کردوون و تیایدا باسمان لە ڕژێمی داهاتووی عیراق کردووە، کە دەبێت ڕژێمێکی دیموکراتی و فیدراڵی بێت. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش، لە مەجلیسی حوکمدا، هەموو هەنگاو و بڕیارەکانمان تەئکیدیان لەسەر ئەو ڕێککەوتننامانەی پێشوومان دەکردەوە. ئەمڕۆش کە دوو سەرۆکی کورد، یەکێکیان لە بەغدا و ئەوی تریان لە کوردستانە و جگە لەوەش کە پەرلەمانی ئەمڕۆ بە یەکگرتوویی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکاندا دەکات و یەکێتیی ڕیزەکانی میللەتەکەشمان پتەوتر و قایمترە و خەریکە حکوومەت و پێشمەرگەشمان دەبنەوە یەک، بۆیە ئەوانە بە گشتی زامنی ئەوەن کە کورد دەتوانێت پێ لەسەر داوا ڕەواکانی دابگرێت و سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. سەبارەت بە مەسەلەی عیلمانییەتیش، عیراق وڵاتێکی ئیسلامییە، بەڵام ئێمە هەرگیز دەوڵەتی ئایینییمان قبووڵ نییە. دەوڵەتێکی دیموکراتیمان دەوێت ڕێز لە ئیسلام بگرێت. خۆشبەختانە پیاوە گەورەکانی عیراق و لە سەرووشیانەوە سەماحەتی سەید سیستانی ئەویش دەوڵەتی ئایینی ڕەت دەکاتەوە. بۆیە پێموایە لەو مەسەلەیەدا مەودایەکی فراوان لە نێوانماندا نییە، هەڵبەت لە کاتی دابەشبوونی عیراقیش بەسەر چەند هەرێمێکی فیدراڵدا، ئەو کاتە هەر هەرێمێک بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ئایین دەکات. بێگومان تۆ ناتوانیت تایبەتمەندیی سلێمانی و تایبەتمەندیی نەجەف بە یەک چاو سەیر بکەیت. لە سیستەمی فیدراڵیەتدا بوار بۆ چارەسەرکردنی ئەو لایەنە هەیە.

*پ. ئێوە وەکو پەرلەمانی کوردستان چ دەورێکتان لە نووسینەوەی دەستووردا دەبێت؟*

و. هەڵبەت بەشێک لەو ئەندامە کوردانەی لە لێژنەی نووسینەوەی دەستووردان ئەندامی پەرلەمانن. ئەمە و جگە لەوەش کاتێک دەستوورەکە دەبێتە پرۆژەیەک بەدڵنیاییەوە ئێمە بە دەیبینین و گفتوگۆی لەسەر دەکەین. ئەگەر زانیمان داواکارییە بنەڕەتییەکانی کوردی تێدا نییە، وەکو مافی فیدراڵیەت و دیموکراسی و گەڕانەوەی ناوچەکانی کوردستان؛ ئەو کاتە وەکو پەرلەمانی کوردستانی هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەتوانین ڕەتی بکەینەوە و داواش لە خەڵکی کوردستان بکەین کە دەنگی بۆ نەدەن. بەڵام لەو باوەڕەدام دەستوورەکە بە شێوەیەک بنووسرێتەوە کە ئەو هەموو مەسەلانە لەبەر چاو بگرێت.

*پ. کەواتە تۆ گەشبینی لەوەی کە دەستووری داهاتوو ڕەفز ناکرێت وەکو یاسای ئیدارەی دەوڵەت ڕێگای داوە بە سێ پارێزگا ڕەتی بکەنەوە؟*

و. بەڵی پێمـوایە ڕەفز ناکرێت، چونکە ئەوانەی خەریکی نووسینەوەین هەموویان خەڵکی پسپۆڕن و درک بە واقیعی تازەی عیراق دەکەن. ڕێککەوتنیشمان هەیە کە دەبێت هەموو مەسەلەکان بە تەوافوق بێت. ئەمجا ئەگەر هەر لایەنێک بیەوێت بە ناوی زۆرینەوە شتمان بەسەردا فەرز بکات، ئەوا ئێمە قبووڵی ناکەین. زۆرینە و کەمینە لە عیراقی ئەمڕۆدا سەر ناگرێت و دەبێت شتەکان بە تەوافوق بێت و مافی کەمینە لەسەر حیسابی زۆرینە پێشێل نەکرێت. دیموکراتیەت لە عیراقدا دەبێت لەسەر ئەرزی واقیع بێت. من ناتوانم لەجیاتی تورکمان بڕیار لەسەر چارەنووس و داواکانیان بدەم و دەستوور دەبێت بە ڕوونی باس لە داخوازییەکانیان بکات. من کە نامەوێت لە عیراقدا جیا ببمەوە و شتێکی هاوبەش لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عیراقدا بە یەکەوەمان دەبەستێتەوە، دەبێت دان بە مافەکانیشمدا بنرێت و ئیرادەی گەلەکەشم ڕێزی لێ بگیرێت.

*پ. بەڵام کاک عەدنان مەسەلەی تەوافوق بە تەواوی دژی پرەنسیپە دیموکراتییەکانە! حزبێک، یا لایەنێک، کە زۆرینەی هێنا هەقی خۆیەتی سیاسەتی تایبەتی خۆی پێڕەو بکات. ڕاستە ئێستا عیراق بە هەلومەرجێکی تایبەتدا تێپەڕ دەبێت و ڕەنگە ئەو پرەنسیپەی تەوافوقیش تا ڕادەیەک بە کەڵک بێت، بەڵام خۆ ناکرێت هەتا هەتایە زۆرینە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی نەبێت لە وڵاتدا؟*

و. من بە پێچەوانەوە ئەو مەسەلەیە لێک دەدەمەوە. زۆرینە و کەمینە لە وڵاتێکی یەکڕەگەز، یا یەکپێکهاتەیی نەتەوەیی، یا لەناو حزبێکدا، شتێکی ئاساییە؛ بەڵام لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرەڕەگەزی وەکو عیراقدا مەسەلەکان دەبێت بە تەوافوق بن. لە عیراقدا کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشووری هەن، چۆن کوردێک دەتوانێت لەجیاتی کلد و ئاشووریەک بە بیانووی زۆرینەوە بڕیار بدات! موسڵمان کە زۆرینەن لە وڵاتدا ناتوانن لە جیاتی مەسیحییەکان بڕیار بدەن. عەرەب ناتوانێت لەجیاتی کورد بڕیار بدات کە ئایا حوکمی زاتی بۆ کورد باشە یا فیدراڵیەت؟ ئەوەتا سالانیکە عەرەب دەسەڵاتدار بوونە لەم وڵاتەدا، چونکە خۆیان دیکتاتۆر و شۆڤێنیست و خاوەندەسەڵات بوون و لەجیاتی کورد بڕیاریان دەدا. ڕۆژێک دەیانوت حوکمی زاتی و ڕۆژی دواتر دەیانوت لامەرکزی و جارێکی تر دەیانوت هیچ. هەر لەبەر ئەوەش بوو وڵات هێمنی و ئارامی بە خۆیەوە نەبینی و هەموو دەم شەڕوشۆڕ بوو. ئێمە بۆچی دەستمان دایە چەک و چووینە شاخ، چونکە عبدالکریم قاسم لە دەستوورەکەیدا دەیوت کورد و عەرەب شەریکەبەشن لە وڵاتدا، بەڵام کە هاتە سەر داواکاریی میللەت وتی من هەموو شتێکم ئێوەش هیچ نیین. سەیری وڵاتانی تری دونیا بکە. ئەوە سویسرا کە دەوڵەتێکی فیدراڵییە. ئەوە کەنەدا کە ئینگلیزەکان زۆرینەن، بەڵام ناتوانن لەجیاتی فەرەنسییەکان بڕیار بدەن. ئێستا گەورەترین کێشە لەبەردەم نووسینەوەی دەستووردا بەشدارپێکردنی سوننەکانە، چونکە شیعە ناتوانێت لەجیاتی ئەوان بڕیار بدات، بۆیە هەموومان پەرۆشی ئەوەین کە دەبێت سوننەکان بەشداری لە نووسینەوەی دەستووردا بکەن، تا مافەکانی خۆیان داوا بکەن. ئێستا هەلێکی باش هاتۆتە پێش بۆ ئەوەی سەرلەنوێ عیراقێکی تازە دامەزرێنینەوە کە دەستوورەکەی ڕێز لە هەموو لایەنەکان بگرێت.

*پ. باشە ئەو مەبدەئی تەوافوقەی باسی دەکەی هەروا دەمێنێت تا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عیراقیش؟*

و. تا دامەزراندنی دەوڵەتی موئەسەسات و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو مەبدەئە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت. کە دەستوورەکە مافی تاکەکەس و کۆمەڵ و ئەرکەکانی هاووڵاتی و پێکهاتەکانی زامن کرد و هەر کەسێک مافی خۆی زانی، ئەو کاتە بۆ جێگیرکردنی دەستوور پێویست ناکات تەوافوق هەبێت. کەواتە تا بڕیاردان لەسەر دەستووری تازە، دەبێت ئەو مەبدەئە ڕەچاو بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر سبەینێ جەعفەری وتی من ئامادە نیم مادەی ٥٨ جێبەجێ بکەم، کوردیش ئەوەی پێ قبووڵ ناکرێت چونکە مانای گەڕانەوەیە بۆ سەر خاڵی سفر، بۆیە دووبارە دەیڵێمەوە تا دەستوور بە ڕوونی مافی هەموو لایەک مسۆگەر و زامن نەکات، ناتوانین دەستبەرداری ئەو تەوافوقە بین.

*پ. با بێینە سەر مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێم کە جەنابی کاک مەسعود لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا، لەبارەی دەسەڵاتەکان، ئایا بۆی هەیە پەیوەندی بە وڵاتانی دونیاوە بکات بە ناوی سەرۆکایەتیی کوردەوە؟*

و. بەڵێ لە یاساکەی سەرۆکایەتیی هەرێمدا بڕگەیەک هەیە ڕێگەی پێ دەدات بە ناوی میللەتی کوردەوە پەیوەندی بە وڵاتانی دونیاوە بکات، ئەمە بێجگە لە نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا. ئەگەر سەیری دەسەڵاتی هەندێک لە وڵاتە فیدراڵییەکان بکەین، دەبینین سەرۆکی هەرێمەکان تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەشیان هەیە ڕێککەوتننامەی تایبەت بە هەرێمەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا مۆر بکەن. ڕەنگە ئەو مەسەلەیش دوای نووسینەوەی دەستووری عیراق و دەستووری خۆشمان زیاتر ڕوون بێتەوە، بەڵام ئێستا ئێمە وەکو میللەتی کورد پەیوەندیی فراوانمان لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دونیادا هەیە؛ لەگەڵ ئەمریکا و بریتانیا و ئەوروپا و کەنەدا و هی تریش، کە ئەو پەیوەندییانەش لە بەرژەوەندیی کورددان، بۆیە دەبێت بەردەوام بن تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبین لەوەی کە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و عیراقێکی دیموکراتمان هەیە.

*پ. پێت وانییە بوونی ئەو پەیوەندییانە جۆرێک لە تێکەڵاویی دەسەڵات یا بڵێین دووجەمسەری لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی عیراقدا پەیدا دەکات؟*







پەرلەمانی کوردستان ـ هەولێر

و. بە پێچەوانەوە بوونی ئەو پەیوەندییانە خزمەتی عیراق دەکات. خزمەتی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، عیراق بە هێزتر دەکات. ئەو سەردەمە بە سەر چوو کە وڵاتیک بتوانێت بە گۆشەگیری ژیان بە سەر بەرێت، وەکو ئەلبانیای سەردەمی خۆی کە زۆر کەس هەبوو ناویشی نەدەبیست. ئێستا، لە سەردەمی جیهانگریدا، هەموو وڵاتیک پێویستی بە کرانەوە هەیە بە ڕووی وڵاتانی تری دونیادا، تەنانەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووریەکانیشی. ئەوەتا چین کە زیاتر لە ملیار و چەند سەد ملیۆنێکن دێن لە شارێکی وەکو سلێمانی پرۆژە ئەنجام دەدەن و تونێلی ڕێگاوبانی بۆ دەکەن.

*پ. ئەمرۆ لە عیراقدا دوو سەرۆک هەن و هەردووکیان کوردن، یەکێکیان لە ناوەندی دەسەڵات لە بەغدا، ئەوی تریان لە هەرێمێکی سەربەخۆ لە کوردستان. بوونی ئەم دوو سەرۆکە لەسەر لوتکەی دەسەڵات لە عیراقدا نابێتە مایەی مەترسی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە؟*

و. پێموایە بە پێچەوانەوە بوونی سەرکردەیەکی کورد لەسەر لوتکەی دەسەڵات لە بەغدا متمانەبەخشە بە وڵاتانی ناوچەکە، نەک مایەی مەترسی؛ چونکە بوونی سەرکردە و پێشمەرگەیەکی دێرینی وەکو مام جەلال لە بەغدا مانای ئەوەیە کورد ڕازییە لە چوارچێوەی عیراقدا بژی، بوونی ئەو لە بەغدا ئەوە دەگەیەنێت کە کورد هۆکاری یەکبوون و یەکێتیی خاکی عیراقە، ئەوەش تەواو پێچەوانەی ئەو لێدوانەیە کە دەڵێت گوایە کورد هەوڵی پارچەپارچەکردنی عیراق دەدات. بوونی چەندین وەزیری کورد و جێگری سەرۆکوەزیرانیش و بگرە دەیان پۆستی گرنگ لە ناوەندی دەسەڵاتی بەغدادا واتای ئەوەیە کە کورد خەریکی دروستکردنی عیراقێکی تازە و یەکبوونی وڵات و یەکگرتنەوەی خەڵکەکەیەتی، نەک پارچەپارچەکردنی. ئەو هەڵوێستانەی کورد ناتوانن هەندێک ناوەندی شوفینیزم و کەسایەتیی توندڕەوی عەرەب قەناعەت پێ بهێنن، کە ئەوان پێیان وایە عیراق لە زاخۆوە تا فاو هەمووی عەرەبە، وەک گۆرانییەکەیان دەڵێت: "خاکەکەمان بە زمانی عەرەبی دەدوێت!" ئێمە مەبەستمان دڵنیاکردنەوەی ئەو عەرەبانە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوانەن کە دیموکراتیان قبوڵە، پێکەوەژیانیان قبوڵە.

*پ. وەکو سیاسەتمەدارێکی کورد و عیراقی، چۆن سەیری ئایندەی عیراق دەکەیت، بەتایبەتیش لە ڕووی گۆڕینی سیستەمی پێشووەوە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی؟ ئایا پێت وایە خەڵکانی تری باشووری عیراق پێیان خۆش بێت ئەوانیش هەرێمی فیدراڵی خۆیان هەبێت؟*

و. پێموایە لە ئایندەدا چەندین هەرێمی فیدراڵی بێتە ئاراوە. بە نیسبەت فیدراڵییەتی کوردستان ئەوە لەسەر ئەساسی جوگرافیایی دادەمەزرێت. ڕەنگە لە باشووریش هەندێک تایبەتمەندی لەبە رچاو بگیرێت. بۆ نموونە ئێستا باس لەوە دەکرێت فیدراڵییەتێک لە بەسرە و عەممارە و ناسریەدا بێت، فیدراڵیەتێکی تریش لەنێوان هەردوو شاری نەجەف و کەربەلا بە حیللەشەوە کە هەڵبەت ئەوەیان مۆرکێکی ئایینی دەبێت، پێشموایە زۆر پێشکەوتوو دەبێت لە ڕووی ئابوورییەوە چونکە ئەمرۆ نەجەف مەرکەزێکی ئایینی زۆر گرنگە لای ملیۆنان کەس کە ساڵانە ڕووی تێ دەکەن بۆ زیارەت. ئەگەر بێت و فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتیی باشی بۆ بکرێت، ئەوا ساڵانە داهاتێکی زۆر باشیان دەبێت بەوەی کە پێی دەڵێن گەشتوگوزاری ئایینی. لەولاشەوە مووسڵ و تکریت و ڕومادی ئەوانیش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و وەکو سوننە مەزهەب دەتوانن هەرێمێکی فیدراڵ بۆ خۆیان دامەزرێنن.

*پ. دامەزراندنی ئەو هەرێمە فیدراڵیانەی باست کردن لەسەر ئەساسی تایفە، واتای ئەوە ناگەیەنێت کە گیانی تایەفەگەری لە وڵاتدا بچەسپێت وەکو ئەوەی لە لوبناندا هەیە، ئایا ئەمە نابێتە هۆی نائارامی لە وڵاتدا؟*

و. ئەگەر گیانی تایەفەگەری لاواز بێت لە عیراقدا، من خۆم لایەنگری ئەوەم کە یەک فیدراڵییەت هەبێت لە عیراقدا ئەویش فیدراڵییەتی کوردستانە، چونکە ئەمرۆ لە عیراقدا دوو نەتەوە هەن، کورد و عەرەب؛ بەڵام لەبەر ئەوەی بە داخەوە گیانی تایەفەگەری هێشتا زاڵە بەسەریدا، پێموایە بوونی چوار پێنج هەرێمی فیدراڵی لە عیراقدا چارەسەرێکی عەمەلییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت فیدراڵییەتی کوردی تایبەتمەندیی خۆی بۆ بپارێزرێت، چونکە کورد زۆر شتی لە عەرەب جیاوازە؛ زمان، مێژوو، کولتوور، تەنانەت مۆسیقاشی جیاوازە. بە نیسبەت عەرەبەوە جیاوازییەکە زۆر گەورە نییە و ڕەنگە تەنیا جیاوازیەکی مەزهەبی هەبێت کە ئەویش پێم وانییە شتێکی وا گەورە بێت کە داوا بکات چەند هەرێمێکی لە یەک جیا هەبێت، بەلام واقیعەکە وایە و ئەوانیش دەیانەوێت تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت. ئەمە واقیعێکە ناتوانین بە ئاسانی بیگۆڕین، یا خۆمانی لێ بشارینەوە وەکو هەندێ نێوەندی عەرەبی دەڵێن شتی وا نییە و عەرەب نایانەوێت هەرێمی جیاجیایان هەبێت.

*پ. لەبارەی فیدراڵییەتەوە زۆر جار گوێمان لە هەوڵ و کۆششەکانی شیعەکانی باشوور و ناوەڕاست دەبێت بۆ دامەزراندنی هەرێمی فیدراڵیی تایبەت بە خۆیان، بەلام تا ئێستا هیچ شتێکی لەو بابەتەمان لە سوننەکانەوە نەبیستووە، تۆ پێت وایە سوننەکان زەرەر بکەن ئەگەر بیر لە دامەزراندنی هەرێمی فیدراڵی خۆیان نەکەنەوە؟*

ـ لە پێشەوە سوننەکان زەرەرێکی گەورەیان کرد کە هەر لەخۆڕا بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان نەکرد، ئەمجا ئەمە لەژێر فشاری هەرچی لایەنێک، یا لەبەر هەر هۆیەک، بووبێت! بەلام ئێستا ئەوانیش بە خۆیاندا چوونەوە و لە هەوڵەکانی حیزبی ئیسلامی و وەقفی سوننەدا دیارە کە دەیانەوێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عیراقدا بکەن، تەنانەت لایەنەکانی تری سوننەش بیر لەوە دەکەنەوە بەشداریی پرۆسەکە و نووسینەوەی دەستوور بکەن و لە ئێستاوە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو. دیسان پێم وایە هەرچەند کارە تیرۆریستییەکان کەمتر ببنەوە، ئەوا سوننەکانیش ڕۆڵیان کاریگەرتر دەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا. ڕەنگە ئەگەر هەوڵەکانی دامەزراندنی چەند هەرێمێکی فیدراڵ سەر بگرێت، ئەوانیش بیر لە هەرێمی فیدراڵی خۆیان بکەنەوە.

*پ. پرسیارێکمان هەیە دەمانەوێت جەنابتان بەڕاشکاوی وەڵاممان بدەنەوە، هەڵبەت ئەمرۆ ئەو کارە توندوتیژ و تیرۆریستییانەی لە عیراقدا ئەنجام دەدرێن بەرگێکی سوننەیی و مۆرکێکی سوننی بە خۆوە گرتووە، دوای هەشتا ساڵی دەسەڵاتی سوننەش لە عیراقدا ئێستا بێنەوە سەر دەسەڵاتێک تەنیا لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵدا، تۆ پێت وایە ئەوە سوننەکان ڕازی بکات کە ئاوا بە ئاسانی بچنەوە ژێر باری وەزعی تازەی عیراقەوە؟*

و. منیش بەڕاشکاوی وەلامت دەدەمەوە و دەڵێم ڕەنگە ٥٪ی سوننەکان لایەنگری کارە تیرۆریستییەکان بن، یا بڵێین هاوسۆزی بن. ئەوانیش پێم وایە لەو پاشماوەکانی بەعس بن کە دەسەڵاتیان لە دەست ڕۆیشتووە، بەلام ئەوان نوێنەرایەتیی سوننە ناکەن. بەڵێ هەندێک جار توانیویانە تەشویش بخەنە نێو کۆمەڵی سوننەکانەوە، بەلام دڵنیاشم کە سوننەکان دێنەوە سەر ئەو واقیعە و دەست بە ڕێکخستنی ماڵی خۆیان دەکەنەوە تا ڕۆڵێکی باشتریان لە ئایندەی عیراقدا هەبێت. حەقیقەتێک هەیە دەبێت هەموومان بیزانین ئەویش ئەوەیە مومکین نییە جارێکی تر دەستەلات لە عیراقدا بۆ لایەنێک پاوان بکرێت، مومکین نییە لە غەیری دیموکراتیەت لە عیراقدا سیستەمێکی تر پێڕەو بکرێت.

*پ. لەنێو قسەکاندا باست لە دەستووری کوردستان کرد، دواپرسیارم لەو بارەیەوە دەبێت، کەی بەنیازن بریار لەسەر ئەم دەستوورە بدەن؟*

و. پرۆژەی دەستووری کوردستان دەمێکە ئامادە بووە، بەلام پێمان وایە کە ئەولەویەت ئەمرۆ بۆ نووسینەوەی دەستووری عیراقە، دەبێت بزانین ئەو دەستوورە چ مافێکمان بۆ زامن دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵەکانمان جارێ بۆ ئەو مەسەلە گرنگە و هی تریش تەرخان بکەین، وەکو گەڕاندنەوەی ناوچە کوردییەکانمان و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و مەسەلەی چارەنووسسازی تر، ئەمجا بێینە سەر گفتوگۆ لەسەر دەستووری کوردستان.

# گفتوگۆ لەگەڵ دوکتۆر فوئاد مەعسوم

## ئامادەکردنی: سەربەست کەرکووکی



لە ڕاستەوە: د. فوئاد مەعسوم؛ سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی کوردستانی لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق

*پ. بەڕێز د. فوئاد مەعسوم، ئێوە وەکو ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبێکی سەرەکیی کوردستان و ئەندامی ئەنجوومەن یا کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و بەرپرسی فراکسیۆنی لیستی کوردستانی لەم پەرلەمانەدا، لەم پرۆسەی خەباتی سیاسی ـ قانوونییەدا، بۆ ئامادەکردنی دەستووری دائیمی عیراق، ئایا ئامادەیی شارەزایانەی لیستی کوردستان، یا ڕێکتر بڵێین هی کورد، چییە و خۆی لە چ خاڵێکدا دەبینێتەوە، ئایا هەر ئەوەیە کە ئەو چەند ئەندامی پەرلەمانەی کوردستانن لە پەرلەمانی عیراقیدا و بەس، یاخود دەستە و تاقمی پشتیوانی شارەزایانە لە هاوکاری ئێوەدان؟*

و. د. فوئاد: بەگوێرەی ئەو پانزدە بەڕێزەی دانراون لە لیژنەکەدا هەوڵی ئەوە دراوە کەسانێک بن سیاسی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕووی قانوون و دەستوورەوە ئاشنایی و شارەزاییان هەبێت.

جگە لەوە هەندێکیان دەبێت نوێنەرانی ئەو لایەنانە بن کە بە پێویستی دەزانین. بۆ نموونە: ئاشووری، یەزیدی و بەگوێرەی ئەوانیش دیسان ڕەچاوی ئەوەمان کردووە کە خەڵکانێک بن کە لە بواری قانوون و دەستووردا شارەزاییان هەبێت. بۆیە ئەو کەسانەی ئێمە کە بەشدارن لە لیژنەی دەستوور، بەڕاستی لەو ئاستەدان کە دانوستاندن و لێکۆڵینەوە بکەن تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە بەرەنگاری بکەن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەک و لە لایەکی ترەوە هاوکار بن لە داڕشتنی دەستوورێک کە ویست و ئارەزووی گشت خەڵکی عیراقی تێدا بێت.

بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە، بە حوکمی ئەو تاقیکردنەوانەی کە هەمە ئەوانەی کە لەناو کۆڕێک یا لیژنەیەک گفتوگۆ دەکەن لەسەر مەسەلەیەکی وا گرنگ، ناتوانن و ناکرێت لە هەمان کاتدا بیر بکەنەوە، بڕیار بدەن و ئاگاداریش پەیدا بکەن و بەرەوامیش بن لە گفتوگۆدا . بۆیە پێویست بەوە هەیە کە خەڵکانێک هەبن لە دەرەوەی دانیشتنەکە، شتیان بۆ ئامادە بکەن، لەسەر هەر بابەتێک چەندین ئەگەر و ئەڵتەرناتیڤیان بۆ ئامادە بکەن، ئەو پرۆسەیە، پرۆسەی ئامادەکردنی یەکسەرەی ئەو ئەڵتەرنەتیڤانەیە و لەوانەیە لە کاتی گفتوگۆدا دەمودەست ئامادە نەبن، بەڵام خەڵکانێک هەبن لە دەرەوەی دەستەکە، بۆ ئامادەکردنی ئەو بابەتانە کارێکی پێویستن.

ئێمە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی دەستەیەک یا دەستگایەکی واین. هەردوو حیزبەکە ڕێک کەوتوین خەڵکانێکی شارەزا و پسپۆر، لەسەر ئاستی کوردستان و هەندێکیان عیراقین و هەندێ

لە دەرەوەن، تا هاوکارییمان بکەن و ئێستا لە چەند وڵاتێکدا خەریکی ئەو کارەین، ئەوانەی خەڵکانێکی شارەزاییان هەیە لە بواری دەستوور لە ڕووی تیۆری و لە ڕووی مەیدانیشەوە، هەیە بەشدار بووە لە تەیمووری شەرقی، یا بەشدار بووە لە کۆسۆڤۆ یان بەشدار بووە لە دانانی دەستووری ئەفریقای خواروو. دەمانەوێت سوود لەو هەوڵ و شارەزاییانە ببینین. ئێستا ئێمە خەریکی دانانی ئەو لیژنەی پشتگیرییەن کە هەندێکیان پەیوەندییان پێوە کراوە و لە بەغدان و ڕەنگە لە هەفتەی داهاتوو یا لە دە ڕۆژی داهاتوودا، دەست بکەین بە ئیشەکانمان.
ئێستا کۆمیتەکە زیاتر خەریکی ئەوەیە کە چ ئالیەتێک بدۆزێتەوە بۆ بەشداریکردنی خەڵکانی دەرەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی «پەرلەمانی عیراق» ئەوجا دوای ئەوە دەبێت کارەکان دابەش بکرێن.
بە ڕای من، وەکو ئەوەی چەند پێشنیارێکم پێشکەش کردووە، دەبێت ئەو ٥٥ کەسە، ٤٦ کەسی تریشی بێتە سەر تا ببێتە ١٠١ کەس. ئەو هەموو کەسە دابەش بکرێن بەسەر چەند لیژنەیەک بەپێی تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکانی دەستوور؛ وەکو تەوەری فیدرالیەت، ناسنامەی عیراقی داهاتوو، مەسەلەی دین و دەوڵەت، مافی هاووڵاتییان بە ژنیشەوە و...تاد. لەناویشیاندا باشترە دەنگدان نەبێت، چونکە کە هاتینە سەر دەنگدان ئەو کاتە ئەوانەی لەناو پەرلەماندا زۆرینەیان هەیە لەوانەیە لە هەموو کاتێکدا بیانەوێت دەنگ و بۆچوونی خۆیان زاڵ بکەن. دەبێت بە ڕەزامەندی و بە ڕێککەوتن (توافق) بێت. ئەگەر وا نەبێت، لەوانەیە بە زۆرینەی هەر سێ پارێزگایەک ڕەت بکرێتەوە و هەموو پرۆسەکە هەڵبوەشێتەوە. واتە دەبێت پرۆسەکە بە بنەمای ڕەزامەندی و ڕێککەوتن بێت، نەک بە دەنگ.
*پ. مەبەستت لە دەستەی پشتیوانی خەڵکانی شارەزای دەرەوەیە یاخود کوردانی شارەزا؟*
و. مەبەستمان تێکەڵاوە. واتە خەڵکانی کوردی شارەزا و خەڵکانی هاوکاری تریش. بۆ نموونە: خەڵکی شارەزای قانوون و دەستوورمان لە کوردستان و لە بەغداش هەیە و هەندێکیان ئێستا وەکو گوتم ئیشمان بۆ دەکەن.
هەروەها خەڵکانی دەرەوەش. هەوڵ دەدەین لێرەدا کۆمەڵێ کەسی شارەزا قایل بکەین کە لە کوردستان دابنیشن و لە ڕێگەی کوردستانەوە ڕۆژانە ئێمە لە پەیوەندیدا دەبین لەگەڵیاندا.

*پ. لە قانوونی کاتیی ئیدارەی عیراقدا، کۆمەڵێ نائیروویی، ناتەواوی، هەیە سەبارەت بە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی کورد و دوارۆژی کوردستان، وەکو تەمومژی واتای فیدرالی و ئەو مادەیەی پەیوەستە بە دوارۆژی کەرکووک و ناوچەکانی تری باشووری کوردستانەوە مەبەست مادەی (٥٨)ە، ئایا دەکرێت هۆیەکانی ئەم بابەتانە بەڕاشکاوی بۆ خوێنەرانمان ڕوون بکەیتەوە؟ بۆ ئەم مادە و بەندە هەرە گرنگانە کێشەیان تێ کەوت؟ ئایا خەڵکی شارەزای ئێمە لە پرۆسەی قانوونی کاتیدا نەبوون؟ ڕێگر چی بوون و کێ بوون و بەرانبەر بە چ ویست و بەرژەوەندییەک ئەم خاڵانە وا بە ناتەواوی ماونەتەوە؟*
و. بەڕاستی من بەشداریم نەکردووە لە دانانی ئەو قانوونەدا. وەختی خۆی ئێمە لیژنەیەکمان هەبوو لەسەر ئاستی مەجلیسی حوکم، من بەرپرس بووم بەڵام پاشان ئەو لیژنەیە هەڵوەشایەوە. کارەکانیان بەرەوڕووی د. عدنان پاچەچی کرد و ئەو بوو بە سەرۆکی لیژنەکە. ئێمەش لە هەقیقەتدا خەڵکانێکی پسپۆڕی ئەوتۆمان لە لیژنەکەدا دانەنابوو، بۆیە هەندێ کەموکووڕی تێدا دەرکەوتووە. بەڵام بەگوێرەی مادەی ٥٨ نەدەکرا لەوەی هەیە زیاتر وە گیر بهێنین.
*پ. ئایا ڕێگری وەگیرهێنانی دەستکەوتی زیاتر چی بوون و کێ بوون؟*
و. هەڵبەتە ڕاوبۆچوونی ئەوانی تر بوو. ئەو کاتە و ئێستاش هەن دەڵێن ئەوانەی لە کەرکووک دەرکراون دەشێ بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. واتە ئەوانەی تەرحیل کراون دەشێ بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوانەی لە شارەکە نیشتەجێ کراون دەبێت بمێننەوە.

جا بەڕاستی، من چەندین لێکۆڵینەوە و مناقەشەم هەبووە لەگەڵ چەندین کەس و لایەن، باشە بڵێین با بمێننەوە بەڵام بە مەرجێ، خەڵکانی هاوردەی تەعریب نابێت دەنگ بدەن بۆ دیاریکردنی چارەسەری کەرکووک واتە ئەگەر دەمێننەوە دەبێت ئەوانە مافی دەنگدانیان بۆ ئەم چارەسەرییە نەبێت.

*پ. ئەوان چییان دەوێت!*
و. دەیانەوێت ئەوانەی لە کاتی ڕژێمی سەددامدا هێنراون بمێننەوە، ئەوجا لە ئەنجامی قبووڵکردنی مانەوەی ئەوانە، ئەوجا بێین پرۆسەی چارەسەرکردنی کەرکووک بەو ڕێچەیەی ئێمە دەمانەوێت دوا بخات. ئەمە لە لایەن ئێمەوە قبووڵ ناکرێن.
ئەوان دەڵێن: ئەوانە نزیکەی سی ساڵە لێرەدا دەژین! باشە گوناهی خەڵکانی ئێمە چییە، هی ئێمەش سی ساڵە دەربەدەر و ئاوارەن. بەو حیسابە بێت، خەڵکانی ئێمە دەبێت هەر لە دەربەدەریی خۆیاندا بمێننەوە و تەعریبەکانیش لە کەرکووکدا بمێننەوە. ئەمە قبووڵ ناکرێت. چەندین بەڵگەمان هەن، چونکە بۆ نموونە خەڵکانی فەلەستین کە لە ١٩٤٨ەوە دەربەدەر کراون مافی ڕەوای خۆیانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەو قانوونە هەندێ شتی باشیشی تێدایە، دەیکاتە دوو قۆناغ؛ قۆناغی ئاساییکردنەوەی بارودۆخ. بە چی؟ یەکەم: ئەو خەڵکانەی دەرکراون بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. دووەم: ئەوانەی بۆ تەعریب هێنراون، نەک بە دەرکردن، بە شێوەیەکی ئینسانی و بە تەعویزەوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و دەبێت حکوومەتی عیراق بەو کارە هەڵستێت. ئەمە هەنگاوی یەکەم و هەنگاوی دووەمیش ئەو شوێنە ئیدارییانەیە کە لە کەرکووک دابڕێنراون، دەبێت بە شێوازی قانوونی بگێڕدرێنەوە سەر سیستەمی ئیداریی ئەسڵی خۆیان، ئەوجا کە دەستوور دانراو و ڕاپرسی کرا، ئەگەر خەڵکی کەرکووک بە زۆری گوتیان ئێمە دەمانەوێت بەشێک بین لە هەرێم، ئەوا دەبێت ئەوە بێت و ئەگەر زۆربە ئەوەیان نەگوت، ئەوا ناکرێت بە زۆرەملێ کەرکووک بسەپێنرێت بە هەرێمی کوردستانەوە. واتە دەکرێت بڵێین کە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت چارەسەری کێشەکەی باش کردووە، بەپێی ئەو بوارەی لە ئارادا بووە، بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە حکوومەتی ئینتیقالی دەبێ چارەسەرەکەی بکات نەک حکوومەتی موەقەت (کاتی). ئەو خاڵەیان کرد بە بیانوو، گووتیان ئێمە «الحکومە الموقتە»ین نەک «الحکومە الانتقالیە». حکومەتی ئینتیقالی «حکوومەتی گواستنەوە» ئەوەیە کە ئێستا هەیە، حکوومەتی ئێستا دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە لەو چەند مانگەی لە پێشماندایە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکات.
ئێستا لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پرۆژەکە ئامادە دەکرێت، چونکە بەپێی قانوون دەبێت پرۆژەیەک ئامادە بکرێت، ڕاسپاردەیەک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە هەبێت، پێشکەش بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە و ئەگەر ئەوە ڕەت کرایەوە بەپێی قانوون، دەبێت ناوبژیکەری دەرەوەیی بهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە. بۆیە ئەو سێ چوار مانگەی لە پێشماندایە، کورتە ماوەیەکی زۆر گرنگن و نابێت لە کیس خۆمانی بدەین. ئەگەر مەسەلە گرنگەکانمان لەو سێ چوار مانگە بە ئەنجام نەگەیەنین بە شێوەیەکی ئیجابی و لە بەرژەوەندیی خۆمان، ئەوا ئیتر دەبێت بڵێین کەرکووکیشمان ڕۆیشت و ئەو ناوچانەشمان لە کیس دا!
جا بۆیە، وەکو سەرۆکایەتی و بەتایبەتی بەڕێز سەرۆککۆمار، ئەو وەزیرانەش کە هەمانن لە ئەنجوومەنی وەزیران، دواتریش ئەندامانی پەرلەمانمان، هەموو بە هەموو شێوەیەک دەبێ گرنگی بدەن بە مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ و بوار نەدرێت هیچ سستی و لاوازییەکی تێیدا بنوێنرێت.

*پ. بەڕێز د. فوئاد، وەکو ئاماژەت پێ کرد ئەو چەند هەنگاوە زۆر گرنگن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک، بەڵام وەکو ئەوەی لە قانوونەکەدا هاتووە کێشەکە وەکو چارەسەرکردنی کێشەی*

*خاوەندارێتیی موڵکیەت (حل نزاعات الملکیە) تەماشا کراوە، خۆ ئەم کێشەیە، کێشەی خاوەندارێتیی موڵکیەت نییە!*

و. ئەوە بەشێکی کێشەکەیە، چونکە کەرکووک و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە چەند بەشێکە، بەشێکی ئەو ناوچانەیە کە دەرکردنی خەڵک و هێنانی خەڵک لە شوێنیاندا کراوە، ئەوە چارەسەری سیاسی دەوێت، بەڵام دوای ئەوە، حەقیقەت ئەوەیە کە هەندێ ئەرز و موڵک لە خەڵک داگیرکراوە و کێشەی موڵکداریی کۆن و موڵکداریی نوێیان لەسەرە، ئەمانە بابەتی ترن و دەبێت بە شێوازی قانوونی چارەسەر بکرێت.

*پ. ئەگەر چارەسەرییەکە وا نەبێت، ئەگەر لایەنی دژ مەسەلەی چارەسەرییەکە بەو شێوەیە نەبینن، کە نایبینن، ئەمڕۆکە حەقیقەتی ناو شاری کەرکووک ئەوەیە کە نزیکەی ٤٠ بۆ ٤٥ هەزار ئەرزە و خانوو دراوە بە هاوردەی تەعریب، ئەگەر ئەمانە بە گریمانەی «حل او تسویە النزعات الملکیە» چارەسەر بکرێن...*

و. نا ئەوانە وا چارەسەر ناکرێن، ئەوەی هی دەوڵەت بووە و دراوە بەوانە، ئەوانە ناکەونە ناو مەسەلەی «حل و تسویەی نیزاعاتی موڵکیە» ئێمە باسی ئەو موڵک و خانووانە دەکەین کە لە لایەن حکوومەتەوە داگیر کراون و دراون بە خەڵکی تر، ئەمانە ئەو کێشانەن کە داواکار و داوالێکراویان تێدا هەیە، ئەو شوێنانەی هی حکوومەت بوون و دراوە بە عارەبی هاوردە، ئەوانە دەبێت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و دەرکراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

*پ. لەم ماوە کەمەدا، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، بۆ جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی تری عیراقی بۆ دەستنیشانکردنی دوارۆژی عیراقی فیدراڵ، جۆرە گومان و نائومێدی و ڕەشبینییەک لەلای خەڵکی ئێمەدا دروست بووە. هەنگاوەکانی حکوومەتی تازە و هەروەها حکوومەتی کاتی ئەو حاڵەتە نەفسییەیان بۆ خەڵکی ئێمە دروست کردووە. بۆ نموونە: لەم کاتە کورتەی دەسەڵاتدارێتییدا بەڕێز جەعفەری سەرۆکوەزیران، سێ هەنگاوی دژەکورد و دژەدیموکراتی هەڵناوە، سێ هەنگاوی بەئەنقەست، کە یەکەمیان: ئاماژەنەکردن بە دیموکراتیەت و فیدرالیەتە لە سوێندخواردنی کابینەکەی، دووەمیان: دەرکردنی بڕیاری لابردن یان دەرکردنی زیاتر لە هەزار کەسێکە لە سیلکی پۆلیسی شاری کەرکووک و پاشانیش ئاماژەنەکردنە بە فیدرالیەت و چۆنێتیی جێبەجێکردنی خاڵەکانی مادەی ٥٨ی قانوونی ئیدارەی حکوومەت، لە کاتی پێشکەشکردنی پلانەکانی حکوومەتەکەیەتی.*

*لە پێش ئەویشدا، ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین بەڕێز عبدالعزیز الحکیم لە تاقە مانگی سەرۆکایەتی دەوری خۆیدا، ئەو قانوونە دژ بە ئافرەت و شارستانیەتەی دەرکرد کە نەیتوانی گاگۆڵەش بکات.*

*ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم کردەوانە چییە؟ ئایا هیچ لەیەکچوونێک دەبینن لەنێوان ئەم هەوڵانە و ئەوانەی کە مەلا دەستەڵاتدارەکانی ئێران لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠دا هاویشتیان! ئایا ئێوە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ئەم جۆرە خوێندنەوە سیاسییەدان؟*

و. ئێمە هەقی خۆمانە بە ترس و گومانەوە تەماشای هەموو هەنگاوێکیان بکەین، سروشتی سیاسەت وا دەخوازێت. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت لەو گومانانەماندا بە حەزەر نەبین. ڕاستە د. جەعفەری ئەو تێبینییانە هەیە لەسەری و شتی تریش وەکو ئەوەی بڕیاری بەرەڵڵاکردنی هەموو ئەو ئێرانییانەی کە لە عیراقدا گیراون، بەبێ تەماشاکردنی تاوانەکانیان و ئەم بڕیارەی بە ناوی ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییەوە دەرکردووە. لە لێپرسینەوەدا جەنابی سەرۆککۆمار دەڵێت ئاگام لەم بڕیارە نییە، جێگری یەکەم دەڵێت ئاگام لێ نییە و هەروەها جێگری دووەم. جۆرە حاڵەتێک دروست بووە کە لە ناوەوەی عیراق و کوردستاندا زیاتر و زەقترە، بووەتە مایەی حەزەر و گومانی زیاتر، بەڵام ئەوانە، ئەو هەوڵانە با بەسەر هەموو فراکسیۆنی ئیتلافا نەسەپێنرێت. بۆ نموونە: «مجلس الاسلامی الاعلی» هەڵوێستی زۆر ڕوون و ئاشکرایە سەبارەت بە فیدرالیەت و زۆر شتی تر و ئێمە لە ماوەیەکی دووروردرێژدا هاوپەیمان بووین لەگەڵیاندا و ئەدەبیات و بەیانەکانمان بەڵگەی ئەوەن و تا ئێستا هەردوو لامان پێڕەوی هەمان ڕێڕەو و بۆچوون دەکەین.

بەڵام بەگوێرەی بەڕێز د. جەعفەری، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە تاقیکردنەوەی پێشووترمان لەگەڵیدا نییە، بۆیە دەبێت لە هەر هەنگاوێکماندا لەگەڵ بەوردی تەماشای شتەکان بکەین و لە لایەکی تریشەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە ئێستا مەسەلەکە وا نییە کە ئەو بتوانێت حوکم بکات و بڕیارەکانی ئەو جێبەجێ بکرێن.

سیستەمەکە ئەوەیە کە لە پەرلەماندا هەموو شت باس دەکرێت و دوایین بڕیاریش دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆیە ئەوڕۆکە پەرلەمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ ڕاگرتنی هەر نادروستییەک و بۆ ڕەواندنەوەی هەر مەترسییەک کە دێتە ڕێ.

فراکسیۆنی کوردستانی، یەکێتی، پارتی، شیوعیی کوردستانی، ئاشووری، کلدانی، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، کە دوو ئەندامەکەیان ئێستا لەگەڵ فراکسیۆنی کوردستانیدان، تورکمان، هەر هەموو پێکەوەین و لەڕاستیدا هەڵوێستمان یەکە و هیچ جیاوازییەک لەنێوانماندا نییە، لە سەرەتای یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عیراقی، ئێمە کۆبوونەوەی خۆمان هەبووە بۆ ڕێکخستنی فراکسیۆنەکەمان. ئێستا من دانراوم بە سەرۆکی فراکسیۆن. د. سەعدی بەرزنجی کە نوێنەری پارتییە جێگرمە و فراکسیۆنەکە سکرتێری بۆ دانراوە و پێش هاتنم بۆ ئێرە کۆبوونەوەیەکی تریشمان بەست بۆ چارەسەرکردن و دانانی ڕێوشوێنی شیاو بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی فراکسیۆنەکە و هاوپەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیاری و بۆچوون لەنێوان هەموو ئەو ٧٧ ئەندامەمان و بڕیاریش دراوە کە هەر ٧ پەرلەمانتەر نوێنەرێک هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی ١١ کەس کۆبوونەوەی زووبەزووی خۆیان بکەن و ئاگاداری و زانیارییەکان بگەیەنن بەوانی تریش.

*پ. بەڕێز د. فوئاد ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە ئێوە بڕیارێکی واتان هەیە کە هەفتانە یا مانگانە کۆبوونەوەتان هەبێت؟*

و. بەڵێ شێوازەکە وایە کە جگە لە سەرۆکی فراکسیۆنەکە و جێگر و سکرتێری فراکسیۆن، ئەندامانی لیستی کوردستانی ٨ کەسی تر وەکو نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان بکەن و لەمەشدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئیسلامییەکان نوێنەرێک، تورکمانەکان نوێنەرێک و ئیتر بەم شێوەیە. تا بکرێت یانزدە کەس دەستنیشان بکەین بۆ ئەو دەستەیە تا بتوانێت بەئاسانی و لە هەموو دەمێکدا کۆ ببێتەوە و هەڵوێستەکان بەزوویی بگەیەنێن بە پەرلەمانتەرانی تری فراکسیۆنەکە، هەڵبەتە مەبەستی گشتی لەم کارە یەک هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیە.

بەڕاستی تەحالفی کوردستانی زۆر ڕێک و تەبان، هەموو لەگەڵ ئازادیی کار و بۆچوونیشدا لە چوارچێوەی یەکهەڵوێستیدا قسەیان کردووە و هەڵوێستیان نواندووە و بەڕاستی هیچ یەک لە ئەندامانی لیستی کوردستانی لەو هێڵە سەرەکییەی یەکهەڵوێستی لیستەکە دەر نەچوون.

*پ. بگەڕێینەوە سەر بابەتی هەڵە و بۆچوونەکانی د. جەعفەری، پرسیاری ئەوە دەکەم کە بەگوێرەی ئاگاداریی ئێمە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە و لەو ئەنجوومەنەدا ئێمە نوێنەرانمان هەیە کە بەڕێز د. ڕۆژ شاوەیسە. ئایا د. ڕۆژ ئاگای لەو بڕیارانەی د. جەعفەری نەبووە؟ ئایا پرسیاری لێ نەکراوە؟ یاخود سیستماتیکی وا نییە کە لەو پرسیار بکرێت، یا دەستەڵاتەکانی ئەو دەستنیشان نەکراون تا ئاگای لەو بڕیار و بۆچوونانەی سەرۆکوەزیران بێت؟*

و. لەسەرەتادا کێشەی زۆرمان هەبوو. د. جەعفەری لەم مەسەلەیدا خۆی بەستۆتەوە بە قانوونی ئیدارەی دەوڵەتەوە،

دەڵێت من سەرۆکوەزیرانم و جێگرەکەم ئەو کەسەیە کە من دەسەڵاتی پێ دەدەم، ئەوە یەکێکە لە کێشەکانمان.
ئەو پێش چەند ڕۆژێک بەرنامەی وەزارەتەکەی خۆی پێشکەش کردووە، دەڵێن وەزیرەکان ئاگایان لەم بەرنامەیە نییە و پرسیاریان لێ نەکراوە. دەبوو ئەو وەزیرەکان کۆ بکاتەوە و بڵێت ئەوە پرۆژەی کاری کابینەکەمە و هەرکەسە چ تێبینییەکی هەیە با پێشکەشی بکات بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ئەم نادیارییەی کە ئێستا لەم کارەدا کراوە. بەرنامەکەی د. جەعفەری پێشکەشی کردووە زۆر لە بەرنامەی حیزبێک دەچێت، هەمووی شتی گشتییە. بەڵام کێشەی ئێمە و ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە دەستنیشانکردنی کار و پرۆژە و سنووری جێبەجێکردنە. یەکێک لەوانە دەبوو باسی ئەوە بکات کە کوا و چۆن دەیەوێت چارەسەری کێشەی کەرکوک بکات، بۆیە وەکو لە سەرەتاشدا گوتم دەبێت سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن و بەتایبەتی بەڕێز مام جەلالی سەرۆککۆمار و فراکسیۆنی ئێمە دەبێت، زۆر بەوردی بە دوای ئەو شتانەدا بین و بە حەزەر و گومانەوە کارەکانمان بکەین، دەبێت سنوورێک دابنرێت بۆ ئەو هەڵانەی دەکرێن.
بۆیە بەڕێز مام جەلال خەریکی ئەو پرۆژەیەیە کە بە ناوی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییەوە پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت، بۆ دەستپێکردنی چارەسەرکردنی ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە و دەستەیەک بە سەرۆکایەتیی بەڕێز حەمید مەجید موسا دانراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مادەی ٥٨، بەڵام تا ئێستا بودجەیەکیان بۆ دانەناوە، جا چۆن دەکرێت کێشەیەکی وا بەبێ بودجە و تەرخانکردنی خەرجی تایبەتی چارەسەر بکرێت.

*پ. دوکتۆر، لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عیراق لە دەرەوەی وڵات هەندێ هەڵە و کەمتەرخەمی بەدی دەکرا، لە مەسەلەی پشتگوێخستنی گەیاندنی زانیاری و پێداویستییەکانی هەڵبژاردن بە زمانی کوردی، ئایا ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟*
و. ئەوەندەی من ئاگام لێی بێت بەگوێرەی زمان و زمانەوانییەوە ئێمە کێشەی ئەوتۆمان نەبووە، خۆی هەڵبژاردن بەتایبەتی هەموو بە کوردی و بە عەرەبی بوون، تابلۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە من سەرۆکی بوون لەویشدا هەر بە عەرەبی و کوردی بوو. ئەمڕۆکە بە گشتی دەقی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەبێت بە کوردی و بە عەرەبی بنووسرێن و ئەوانەی من دەیانناسم بۆ کاروباری زمانی کوردی و عەرەبی هەموو پسپۆر و خەڵکی لێوەشاوەن.

*پ. زۆربەی قانوونناسە کوردەکان، ئەوانەی شارەزایی تەواویان هەیە لە قانوونی نێودەوڵەتیدا، پێیان وایە کە ئەم سیستەمە پەرلەمانییەی کە لە عیراقدا هەیە، واتە سیستەمی یەک پەرلەمانی، بۆ گەلانێکی باوەڕ بە یەکتری نەکردووی وەکو ئەمڕۆی عیراق سیستەمێکی زۆر سست و لاینی هەرە کەمی سیستەمی فیدرالییە.*
*ئایا بە ڕای ئێوە ئەم بۆچوونە چەندێ ڕاستە! ئەگەر ڕاست نییە ئەی کوا ئەو سیستەمەی کە بەرابەری و یەکسانی دوو نەتەوەی پێکەوەگرێدراوی فیدراڵ دەپارێزێت؟*
و. ڕاستە وایە، سیستەمی داهاتووی پەرلەمانی عیراقی شتێک دەبێت وەکو شێوازی ئەمریکایی، واتە پەرلەمان دەبێت و هەروەها دەستەیەکی هەرێمی دەبێت، بەڵام ئەمە لەم قۆناغەدا نابێت، بۆ؟ چونکە قانوونی ئیدارەی عیراقی ئەوەی تێدا نییە و چونکە بارودۆخی هەرێمەکانی ناو عیراق تا ئێستا دەستنیشان نەکراون تەنیا هەرێمی کوردستان نەبێت.
هەروەها ئێمە هەڵەیەکمان لە کوردستاندا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کرد و نەدەبا هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکەین، چونکە لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت، دەڵێت هەرێمی کوردستان وەکو هەیە دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. واتە قانوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات. واتە پێویست نەبوو هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکەین، وەکو کاری هەڵبژاردن کارێکی خراپ نەبوو، بەڵام ئێمە دەمانتوانی بڵێین ئێمە وەکو هەرێم قانوونەکانی خۆمان بە کار دەهێنین.

*پ. واتە لە کاروباری ئامادەکردنی ئەم دەستوورە، دەکرێت بزانین کە ئایا ئێوە کار بۆ سیستەمێکی تەشریعی وا دەکەن کە سیستەمەکە سیستەمی دوو پەرلەمانی بێت؟*
و. بەڵێ... ئێمە هەوڵی جدی بۆ دەدەین، بەڵام سەرەتا دەبێت بزانرێت دەبێتە چەند هەرێم ئەگەر ئەم هەرێمانە ئاشکراش نەبوون، دەبێت ئێمە چارەسەرییەک بۆ ئەو سیستەمی تەشریعی دەوڵەتی فیدرالییە دابنێین.

*پ. د. فوئاد، ئایا بە لای ئێوەوە خەتی سوور بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە عیراقی ئەمڕۆدا چییە؟*
و. ڕەنگە تەنیا جیابوونەوە بێت. ئەوان لەم قۆناغەدا لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستان نین، ئیتر نازانم لە قۆناغی ئاییندەدا چۆن دەبێت. بەڵام ئەوان ئەمڕۆکە لەگەڵ جیابوونەوە نین. دووەم سیاسەتی خۆشمان گەلێ گرنگە. سیاسەتمان ئەوە نەبێت کە دژ بە دیموکراتیەت کار بکەین، یان لەگەڵ دەوڵەتێ کار بکەین کە ئەوڕۆکە دژ بە پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی ناوچەکەیە.

*پ. ئەی ئەگەر سبەی لە عیراقدا ڕێڕەوی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دروست بێت، ئەوان هەڵوێستیان چۆن دەبێت؟*
و. باوەڕ ناکەم نە دەوڵەتانی دەوروبەر و نە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوە قبووڵ بکات و لە سەرووی ئەوانیشەوە ئێمە ئەم گریمانەیە قبووڵ ناکەین.

*پ. دواپرسیارمان ئەوەیە، کە پرسیارەکانی ئێمە هەر هەموویان لە گومان و ترس و تا ڕادەیەک لە نائومێدییەوە سەریان هەڵداوە، ئێوەی بەڕێز وەکو د. فوئاد گەشبینن لەم پرۆسەیەدا یا گومان و ڕەشبینیتان تێدا هەیە، ئەگەر گەشبینن، هۆیەکانی گەشبینییەکەتان چین؟*
و. ڕەنگە گەشبینی و ڕەشبینی بگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی فیکریی کەسەکە خۆی، بەڵام ئەوانە لە بابەتی سیاسەتدا هیچ لە ڕاستییەکان ناگۆڕن. من خۆم گەشبینم، چونکە بە سروشت گەشبینم و دووەم عیراق هێشتا نەگەیشتۆتە بارودۆخی هێمنی و بێکێشەیی، تا بێ منەتییەک هەبێت لە هیچ لایەکەوە.
هەروەها ئێمە وەکو کوردستان هەڵوێستمان یەکە، ئەو یەکهەڵوێستییە گرنگییەکی گەلێ مەزنی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنگاری لە مافەکانی خۆمان بکەین و بمانەوێت مافەکانمان بسەپێنین. سێیەم، ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییەی کە هەبوو نەما، ڕۆیشت. ئێستا حاڵەتێکی تازە لە ئارادایە، واتای تازە هاتۆتە پێش. پاشان کە بەراوردی خۆمان دەکەین لەگەڵ لایەنەکانی تر، دەبینین ئێمەی کورد لەوانی تر بەهێزتر و پتەوترین. وە ئەو بارودۆخە دیموکراتییەی کە ئەمڕۆکە لە دنیادا باوە، ئەوە زیاتر لە قازانج و سوودی ئێمەدایە نەک دژ بە ئێمە، ئەو هاوکارییەی کە لەنێوان دەوڵەتانی دەوروبەر هەبوو دژ بە کورد، ئەوە بواری کەمتر و بچووکتر و تەسکتر بووەتەوە. بۆیە دەبێت سوود لە هەموو ئەمانە وەربگرین و گەشبین بین و ئەوانی تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان چەندێ چالاک دەبین بۆ بەرەنگاریکردن لە مافەکانی خۆمان و ڕۆڵی سەرەکیمان لە دانانی وەزعێکی وا بۆ عیراق کە خێر و خۆشیی هەموو عیراقی تێدا بێت.
چەندێ دیموکراتیەت لە عیراقدا بەرەوپێشەوە بڕوات، ئێمە ئەوەندە زەمانەتمان دەست دەکەوێت بۆ پاراستنی مافەکانی نەتەوەکەمان، بەتایبەتی حاڵەتێکی وا لە ئارادایە کە ئومێدی زۆربەی خەڵک و زلهێزەکانیش بە هێز و هاوکاریی کوردە بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت و دوورخستنەوەی بارودۆخەکە لە مەترسی و ئاژاوە.

# بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر: هیوامان وایە ساڵانە زیاتر لە ١,٥ ملیۆن گەشتیار بگوازینەوە سەرجەم وڵاتانی دونیا

**دەشتی جەمال ـ هەولێر**



نێچیروان بارزانی لە کاتی کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێردا



لە چەپەوە: بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر؛ زەید موحسینی

بیرم دێت لە ساڵی ١٩٩٩ و لە سەروبەندی ئاهەنگێڕانی دونیا بە هاتنی هەزارەی سێیەم و دەربڕینی ئاواتەکان بەم بۆنەیەوە، لاوێکی کوردی هەندەران لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا گۆشەیەکی نووسیبوو؛ تیایدا باسی لە خەون و ئاواتەکانی کردبوو و خەونی بەوە دەبینی ڕۆژێک بێت بە فڕۆکە لە لەندەنەوە بەرەو کوردستان بکەوێتە ڕێ و بەسەر ئاسمانی شارە شیرینەکانی کوردستاندا گوزەر بکات، تا دەگاتە شارە خۆشەویستەکەی سلێمانی و لە فڕۆکەخانەیدا دابەزێت. دوای ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەددام وا خەونەکان یەکە یەکە دێنە دی. ئەمڕۆ دوو سەرۆک لە عیراقدا هەن هەردووکیان کوردن. لەجیاتی فڕۆکەخانەیەکیش دووانمان هەن؛ یەکیان لە هەولێر و ئەوی تریش لە سلێمانی. بەڵێ ئێستا خەونە دێرینەکانی میللەتەکەمان دێنە دی کە چەندین ساڵ قوربانی گەورەیان بۆ دراوە. فڕۆکەخانەی کوردی کە خەونی نەک تەنیا لاوە هەندەرانییەکە بوو بەڵکو خەونی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، ئەمڕۆ بووە بە واقیع و ئومێدیش وایە پاش چەند ساڵێکی تر ببێتە فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتیی گەورە لە ناوچەکەماندا . بۆ ئاشنابوون لە بارودۆخی ئێستای فڕۆکەخانەکە سەردانی بەڕێز کاک زەید موحسینی بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەمان کرد و لەنزیکەوە ئەم دیمانە تایبەتەمان بۆ گۆڤاری (مەڵبەند) لەگەڵدا ساز کرد.

*پ. سەرەتا دەمانەوێت بزانین بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم فڕۆکەخانەیە چۆن هاتە پێش؟*

و. ئەو شوێنەی ئێستا فڕۆکەخانەکەی لێیە، پێشتر مۆڵگای دەستگایەکی داپڵۆسێنەری ڕژێمی بەعسی لەناوچوو بوو، ئەویش بارەگای سەرکردایەتی فەیلەقی پێنج بوو کە هەزاران دۆنم ئەرزی داگیر کردبوو. بەشێک لەو ئەرزەش تەرخان کرابوو بۆ فڕۆکەخانەیەکی سەربازی کە وەکو یەدەک لە کاتی شەڕەکانی ڕژێم دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان دەیکرد. دوای لاچوونی تارمایی ڕژێمی سەرکوتکەر لە ناوچەکانی کوردستاندا، دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان بەهاری ١٩٩١، هەوڵمان دا بۆ لابردنی ئاسەواری ئەم ڕژێمە لە کوردستاندا، ئەوە بوو شوێنەکە بە گشتی تەخت کرا و بۆ ماوەیەک هەروا مایەوە تا ڕووخانی ڕژێم. ئیدی لەگەڵ لاچوونی دێوەزمەی بەعس لە عیراق، بیرمان لەوە کردەوە کە هەوڵێک بدەین بۆ ژیاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکەمان بە چەند پڕۆژەیەک کە خزمەتی هاووڵاتییان بکات و ئابووریی ناوچەکەمان بەهێزتر بکات، هەڵبەت بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەر وڵاتێکیش بەندە بە ئاسانکاریی بوارەکانی گواستنەوەوە. لێرەدا بیرۆکەی ئەوە هاتە پێش کە ناوچەکەمان پێویستییەکی زۆری بە فڕۆکەخانەیەک دەبێت هەم بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی کاڵاکانی تایبەت بە بنیاتنانەوە و بازرگانی، هەم بەکارهێنانی بۆ مەبەستی گواستنەوەی خەڵکی ئاسایی. بە هەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێم ئەو خەونەشمان هاتە دی و دەست بە بنیاتنانی ئەو فڕۆکەخانەیە کرا بە هەموو دامودەستگا پێویستەکانییەوە. سەرەتا دەستمان بە قیرتاوکردنی جادەکانی فڕۆکەخانە سەربازییەکەی پێشووتر کردەوە، تا بتوانێت وەک سەرەتایەک فڕۆکەی مامناوەندی و چوار فرۆکە بارهەڵگرەکان لە خۆ بگرێت. ئەمجا بە پڕۆژەیەکی تیروتەسەل توانیمان سیمای ئەو فڕۆکەخانە سەربازییەی پێشووتر بگۆڕین بۆ دامودەستگایەکی مەدەنی کە ببێتە پەنجەرەیەکی کوردستانی کراوە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا . ئەوە بوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا توانیمان سەرکەوتووانە یەکەم گەشتی ئاسمانیی ڕاستەوخۆ بۆ حەج ئەنجام بدەین. بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و بە هاوکاریی کۆمپانیای هێڵە ئاسمانییەکانی عیراق، توانیمان بەشی شارەکانی کوردستان لە حاجییەکان بە ٨٠ گەشتی ڕاستەخۆ لە هەولێرەوە بۆ جەددە بگوازینەوە، کە ئەمەش سەرکەوتنێکی بەرچاو بوو لە ئاست ئەو بێتوانایی و بێکەرەستەیی لەبەر دەستدا هەیە.



فڕۆکەیەک لە فڕۆکەخانەی هەولێر




فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی

*پ. لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە فڕۆکەوانییەوە، واتا پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، فڕۆکەخانەی هەولێر چ پلەیەکی پێدراوە؟*
و. دوای تەواوکردنی هەندێک کەموکووڕیی فڕۆکەخانەکە و بە تەنسیق لەگەڵ دەستگای فڕۆکەوانیی مەدەنیی عیراقی و ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوی فڕۆکەوانی فیدراڵی ئەمریکایی کە ئێستا لە عیراقدا کار دەکەن، پلەی فڕۆکەخانەی ناوخۆیی دراوەتە فڕۆکەخانەکەمان و بە هیوای ئەوەی لە ئاییندەیەکی نزیکدا و دوای تەواوکردنی پێداویستییەکانی تری فڕۆکەخانەکە ببێتە فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی. ئێستا سەرقاڵی ئەو کارەیەن.

*پ. حاڵی حازر توانای فڕۆکەخانەکە چەندە و تا چ ئاستێک دەتوانێت خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێشکەش بە گەشتیاران بکات؟*
و. سەبارەت بە قەوارەی لەخۆگرتنی فڕۆکە و گەشتیارەکان، ئەم هۆڵەی ئێستا هەیە دەتوانێت لە سەعاتێکدا ٣٥٠ گەشتیار بە ڕێ بکات. بۆ فڕۆکەکانیش دەتوانین ڕۆژانە تا چوار فڕۆکەی مامناوەندی بە ڕێ بخەین. جگە لە گۆڕەپانێکی وەستانی فڕۆکە تایبەتەکان بە گواستنەوەی کاڵا بە پانتایی ٢٤ هەزار مەتر دووجا، ئێستا فڕۆکەخانەکەمان ڕۆژانە بۆ کاری گواستنەوەی پێداویستییەکانی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە کار دەهێنرێت.

*پ. ئەی لە ڕووی کادیرە خۆماڵییەکانمان چیتان حازر کردووە؟*
و. خۆشبەختانە یەکەم پۆستەی خۆماڵی لە بواری دیدەوانیی ئاسمانیدا لە بەغدا دەرچوون. ئێستا کاری دیدەوانی لە فڕۆکەخانەکەدا ئەنجام دەدەن، کە ئەوانەش دەکرێت بە سەرەتای بە کوردیکردنی سەرجەم بوارەکان و بەشەکانی تری فڕۆکەخانەکە بژمێردرێن. ئومێدمان وایە و کاری جیددیشی بۆ دەکەین کە ئەکادیمیایەکی تایبەت بە فڕۆکەوانی لە کوردستان بکەینەوە و تەنانەت هەندێ لە ئەندازیارە مەدەنییەکانمان نەخشەی بیناکەشیان کێشاوە. بێجگە لەوە ماوەیەک پێشتر یانەی فرناسی ئاسمانگەری کە تا ئێستا لەبەر زرووفی ئەمنیی عیراق نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان، وەفدێکیان هاتنە لامان و ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک لەم بارەیەوە بە ڕاهێنان و مەشقپێکردنی کادیرانی کوردی خۆمان لە سەرجەم بوارەکانی تەکنیکی و فڕۆکەوانیدا. ئێستا ماوەتەوە سەر ئەوەی ڕێککەوتننامەیان لەگەڵدا ئیمزا بکەین و پێداویستییەکانیان ئامادە بکەین تا دەست بە کار بن. ئێمە هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە فڕۆکەوانی خۆمان هەبێت لە بواری فڕۆکەوانیی مەدەنیدا، نەک وەکو ڕژێمی دیکتاتۆری کە هەموو هەوڵەکانی دەرچواندنی فڕوکەوانیی عەسکەری بوو.



هێڵکاریی فڕۆکەخانەی سلێمانی



دیمەنی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی

*پ. بەو پێیەی کە ئێوە ئێستا لە هەوڵێکی باشدان بۆ ڕێکخستنی کارەکانتان و ئامادەکردنی کادیری پێویست، ئایا هیچ هەوڵێکتان داوە پەیوەندی بە کۆمپانیا جیهانییەکانەوە بکەن بۆ ڕێکخستنی گەشتی ئاسمانی بۆ کوردستان؟*
و. بەڵێ لە پەیوەندیی بەردەوامدان لەگەڵ چەندین کۆمپانیادا، ئێستا لەگەڵ یەکێک لەو کۆمپانیانە ڕێککەوتین کە هەفتانە دوو گەشتی ئاسمان لە بەیروتەوە بۆ هەولێر لە ڕێگەی بەغداوە بکرێت. ئەوەش هەڵبەت ئیجرائاتێکی کاتییە تا ئەو کاتەی دەتوانین مۆری تایبەت بە هاتوچوونی گەشتیاران ئامادە بکەین و موافەقەی ڕەسمی لەسەر وەردەگیرێت، ئەوسا دەتوانین بەبێ بەکارهێنانی فرۆکەخانەکانی تر ڕاستەوخۆ گەشتەکانمان بۆ سەرجەم وڵاتانی دونیا بە ڕێ بخەین. تا ئێستا چەندین گەشتمان ئەنجام داوە و نیاز وایە لەم ڕۆژانەشدا چەند گەشتێکی تر لەنێوان شارەکانی عیراق و هەولێر و هەندێ پێشنیاریشمان بۆ هاتووە بۆ ڕێکخستنی گەشتی ئاسمانی بۆ چەند وڵاتێکی تری دونیا، بەڵام ئەو پێشنیارانە ئێستا لە قۆناغی دیراسەکردنی ئێمەدان و بڕیاری لەسەر دەدەین، چونکە ئێمە دەمانەوێت گەشتەکانمان لەگەڵ کۆمپانیا دیار و ناودارەکانی دونیادا بکەین. لەم بارەیەوە زۆر تامەزرۆ نین هەرچی کەسێک هات و داوایەکی هەبوو بە دوای بکەوین، دەمانەوێت بە سەنگینی مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهاندا بکەین و سەنگی خۆمان بپارێزین.

*پ. هەڵبەت ئیجرائاتی ئەمنی لە فرۆکەخانەکەندا جیاوازە لەگەڵ هی تر، ئایا ئێوە توانای ئەوەتان هەیە ڕێوشوینی ئەمنی وا بگرنە بەر کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان یەک بێت، بە واتا ئێوە زەمانەتی ئەمنی دەدەنە ئە کۆمپانیانەی دەیانەوێت گەشتەکانیان بۆ کوردستان ڕێک بخەن؟*
و. بەڵێ ئامادەین ئەو زەمانەتە بدەین، چونکە هەم تەدابیرێکی ئەمنی زۆر باش پێڕەو دەکەین و هەم خۆشمان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەداین بە هاوکاریی خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا کادیرانی خۆمان دەوڵەمەندتر بکەین لە ڕووی زانیاریی ئەمنی و ڕێوشوینی ئەمنی تایبەت بە فرۆکەخانەکان، ئەوە جگە لەوەی کە لێژنە تایبەتەکان بە فرۆکەوانی کە تا ئێستا هاتوونەتە ئێرە لەوانەش لێژنەیەکی سەر بە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان. شایەتی ئەوەمان بۆ دەدەن کە تەدابیری ئەمنی زۆر باشە و گونجاوە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و هیچ مەترسییەکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ وڵاتەکەمان ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی توندی تیرۆر بووەتەوە، بۆیە ئێمەش بەردەوام لە خۆسازداندایین بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بین لە ڕێگەی بەردەوام مەشقپێکردنی کادیرانی ئەمنی خۆمان و ئاشناکردنیان بە تازەترین زانستی لەو بارەیەوە و کردنەوەی چەندین دەورەی تایبەت بە سەرپەرشتیی پسپۆڕانی ناوخۆ و دەرەوەی عیراق.

*پ. خەونەکانی کورد وردە وردە وا دێنە دی، ئەمڕۆ کوردستان خاوەن فرۆکەخانەی تایبەتی خۆیەتی، تۆ پێت وانییە ئەمە نیگەرانی بخاتە نێو دەروونی وڵاتانی ئیقلیمەوە؟*
و. بەڵێ ئەوان ئێرەیی تەنانەت بە خەونەکانیشمانەوە دەبەن، ڕاستە پێشتر فرۆکەخانە وەک مەسەلەیەکی سیادی پەیوەست بە دەوڵەتەوە سەیر دەکرا، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە نەک تەنیا وڵاتانی بچووکتر لە کوردستان و بگرە چەند شارێکی ئەم دونیایە چەندین فرۆکەخانەیان تێدا بووە، چجای میللەتێکی گەورەی وەکو کورد کە دەیان ساڵە لەم بوارەدا بێ بەش کراوە و ئەو فرۆکەخانانەی لەسەر خاکەکەشی دروستکراون هەر هەموویان فرۆکەخانەی سەربازی بوونە و مەبەستیش لە دانانیان لەسەر خاکەکەیدا خزمەتکردنی سیاسەتە شۆڤینیستی و دژ بە مرۆڤایەتییەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق بووە، مەبەستی سەرەکیی دامەزراندنیان لەناوبردنی ئەو میللەتە بووە کە لەسەر خودی خاکی داگیرکراویدا فرۆکەخانەکانیان دروست کردووە. ئەو فرۆکەخانەیە بۆ خزمەتی لایەنی مەدەنییە و ڕۆژانە دەیان بازرگانی گەورەی ناوچە جیاجیاکانی عیراق پەیوەندیمان پێوە دەکەن و لێمان دەپرسن کەی ئەو فرۆکەخانەیە ئامادە دەبێت تا لە گواستنەوەی کاڵاکانیان سوودی لێ وەربگرن، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕاستە خەونەکە خەونێکی کورد بوو بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین خەونێکی عیراقییەکانیشە لە سەردەمی تازەی عیراقدا.

*پ. بە نیازن لەم نزیکانە نووسینگەی هێڵە ئاسمانییەکانی وڵاتانی دونیا لە شارەکانی کوردستاندا بکەنەوە؟*
و. ئێمە لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرەوەدا مەرجی سەرەکییمان ئەوەیە کە نووسینگەی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە، بەڕێز وەزیری گواستنەوەش لەگەڵ پارێزگاری هەولێر باسیان لەوە کردووە کە شەقامێکی شاری هەولێر بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە نووسینگانە تەرخان بکرێت. ئێمە خەونەکانمان زۆرن، بە هیواین دوای ئەوەی کە کەموکورتییەکانی فرۆکەخانە تەواو دەکەین، ساڵانە یەک ملیۆن و نیو گەشتیار لەم فرۆکەخانەیدا بگوازینەوە سەرجەم وڵاتانی دونیا.





دوو دیمەنی فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی